



# تێکۆشان

ئۆرگانی کومیتەی ناوەندی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران

بۆ گەیشتنی گەلی کورد بە مافە ڕەواکانی و ڕووخانی ڕژیمی ئاخوندی و دامەزراندنی حکومەتێکی دیموکڕاتی و پارلمانی، تێدەکۆشین.

ژمارە: ٣٢١ سی و شەشەمین ساڵ ، ٣٠ جۆزەردانی هەزار و سێسەد و نەوەد و نۆ ی کۆچی خۆری بەرانبەر بە ٢٠ی ژوئێنی دوو هەزار و بیست ی زایینی


# ڕوناکبیر و نوسەرانی بێ هەڵوێست تاوانبارانی مێژوون!

سیامەند



ئەگەر بەراوردێکی کتێب و نووسراوە و سەرچاوە مێژووییەکانی ژمارەیێک لە نوسەرانی جیهان و خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بکەین دەردەکەوێ ئەو سەرچاوەو نوسراوانە بەشێکی زۆریان ناڕاستن و هیچ بنەماییەکی حەقیقان نیە. ئەو مێژوونووسە درۆزنانە بە ستایشی بێ بنەمای دەسەڵاتداران و فرۆشتنی مێشک، بیرکردنەوە، نووسین و قەڵەمەکەیان، تەنیا لە پێناو بە دەست هێنانی سەروەت و سامان و بۆ پاراستنی جێگەو پێگەی خۆیان، هەوڵیانداوە دەسەڵاتە دیکتاتۆرو حکومەتە خوێنمژەکان بە دروستکارو خزمەتکار بناسێنن و دەستی خۆیناویان بە خوێنی خەڵک، بە دەستی ڕەحمەت و چاکەو پاک پێناسە بکەن و ڕاستیەکانی مێژوو بشێوێنن. دەسەڵاتدارانی دیکتاتۆری وەک هیتلێر لە ئاڵمان، ستالین لە ڕوسیە، مائۆ لە چین، و زۆر دیکتاتۆری دیکە لە جیهان، لە لایەن ژمارەیەکی بە ناو ڕۆشنبیری لە بنەڕەتدا تاریک بیرو دزێوی دەرباری و دۆڕاوی نەفس نزم، هەوڵدراوە بە کەسایەتی دڵسۆزو خزمەتکاری میللەت پێناسە بکرێن و بەداخەوە توانیویانە ڕوی دزێویان لە لای بەشێک لە جەماوەرو لە سەردەمێکدا وەشارن، کە تا ئێستاش ئەو دیکتاتۆرە بێ بەزییانە لە لای ژماریەک لە خەڵک بە کەسانی باش دەناسرێن و ڕێگەو باوەڕی چەوتیان لایەنگری هەیە.لە مێژووی کۆنی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستیشدا، سەرۆک و شاهەنشاو دەسەڵاتداری دیکتاتۆرو ستەمگەر زۆر هەبوون کە لە لایەن نووسەرو ڕۆشنبیری ئەو سەردەمانەدا،بە دروستکارو عەداڵەتخوازو چاکەکار ناوهێندراون. بۆ وێنە کاتێک خوسرەوی یەکەم پادشای ساسانی کە نازناوی ( ئەنەوشیروانی عادڵ) پێدرا، لە ساڵی 524 زایینی دەستوری قەتڵ و عام و کوشتاری (مەزدەک) سەرکردەو مرۆڤی باش و خزمەتکارو زیاتر لە هەزاران کەس لە (بەڵخ یەکانی) شوێن کەوتووی مەزدەکی دا، وە هەروەها دوو برای خۆی و دەیان کەس لە خزمان و بەرپرسانی نزیک لە خۆی، بۆ پاراستنی دەسەلات و تەختی شایەتی کوشت و گەورەترین جینایەتی کرد، هەروەها دەیان تاوانی دیکەی بەرانبەر بە خەڵکی وڵاتەکەی ئەنجامدا، کە سەرەرای ئەو گشتە جینایەتە، بەڵام لە لایەن نوسەران و روناکبیرانی ئەو سەردەمەدا، جینایەت و تاوانەکانی پێچەوانە کرایەوەو نازناوی نەوشیروانی عادڵ یان بۆ داناو تا ئێستاش بەشێک لە خەڵک پێ یان وایە نەوشیروان پادشاییکی عادڵ بووە. هەر لە مێژووی کۆنداو لە دەورانی حکومەتی ساسانیەکان دا باس لە ڕاستبێژی و هەوڵەکانی (یەزدگوردی) سێهەم پاشای ساسانیەکان دەکرێ کە هەوڵیداوە دەوڵەمەندەکان و کەسانی خۆپەرەست و گەندەڵ لە دەسەڵات دور بخاتەوەو بەرابەری لە کۆمەڵگەدا دابین بکات و ستەم لە سەر جوتیاران و هەژاران هەڵگرێ بەڵام لە لایەن ژمارەیێک لە نووسەران، بە پادشای بەدکارو خراپەکار ناو دەهێندرێ.

دو جیاوازی نابەرابەر لە هەڵوێست و نووسینی ژمارەیێک لە نووسەران و ڕۆشنبیرانی ئەو سەردەمەدا، کەکرداری دزێوی نەوشیروانی دیکتاتۆر بە پەسەند وکرداری یەزدگوردی دڵسۆزی خەڵک بە ناپەسەند پێناسە دەکەن، دەری دەخا ئەو نوسەرانە تاوانکارو هاوبەشن لە جینایەت و ڕەواییدان بە زوڵم و بێدادی. لەسەردەمی نوێشدا، زۆر لە دەسەڵاتداران لە وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، دیکتاتۆرو ستەمگەرن کە بە ڕشتنی خوێنی خەڵک و لەسەر ئێسک وپروسکی هاوڵاتیان، کۆشکەکانیان دامەزراندووە لە ڕێگەی خوێن ڕشتن و جینایەتەوە درێژەیان بە دەسەڵات داوە. دیارە نمونەی ئەو دەسەڵاتدارە دیکتاتۆرانە زۆرن و کەم کەس هەیە زانیاری لە بارەیانەوە نەبێ. لە بیرەوەری ئەوانەی لەساڵانی دەی 1960 زایینی هاتونە دونیا، کەم تا زۆر لە سەر تاوان و جینایەتەکانی دوو ڕژیمی حەمەڕەزای پەهلەوی و ڕژیمی ئاخوندەکان لە ئێران ئاگادارن. بە تایبەت جینایەتە بێ سنوورەکانی حکومەتی خومەینی بەرانبەر بە خەڵک و نەتەوەکانی ئێران بە ڕادەیێک بە رچاو بەرین بوون کە دەیان جار لە لایەن ڕێکخراوە جیهانیەکانی پارێزەری مافی مرۆڤ و لە لایەن حکومەتە ئازادو دیموکراتەکان مەحکوم کراوە. ئیعدامی هەزاران تێکۆشەری سیاسی و سەرکوتی بەردەوامی خەڵک لە ماوەی 40 ساڵ حوکمڕانی ئاخوندانی دەسەڵاتدار لە ئێران، بۆتە باسی هەموو ڕۆشنبیرو نووسەرانی خاوەن هەڵوێست لە سەرانسەری جیهان و نووسەران و ڕوناکبیرانی نەترس و دڵسۆز لە ناوخۆی ئێراندا، بەڵام سەرەرای ئاشکرابوونی جینایەتکاری و دڕەندەیی خومەینی و ڕژیمەکەی، ژمارەیەک بە ناو نووسەرو بە ناو ڕوناکبیر، بە بێ سڵ کردنەوە کەوتونە تەعریف و پێداهەڵگوتن بە خومەینی جینایەتکارو دەسەڵات و حکومەتە دیکتاتۆرەکەی و کەرامەت و بەرپرسایەتی ئەخلاقی و ئەرکی پیرۆزی نووسین و ڕۆناکبیر، بە دراو پوڵ و بەرپرسایەتی فرۆشتوە. کردەوەی دزێوی ئەو بە ناو ڕۆناکبیرو قەڵەم بەدەستە ناپەسەندانە زیانی زۆری گەیاندوە بە خەڵک و لە بەرانبەردا دەسەلاتی ستەمگەر، زۆرترین کەڵکی لێ وەرگرتوە. بە جۆرێک کە لە زۆر کۆڕوکۆبونەوە نووسین و ئاخاوتنەکانی قەڵەم فرۆشان و تاریکبیرانی بە ناو ڕوناکبیر، وەک فاکت و بەڵگە لە سەر بێ تاوانی دەسەلات و حکومەتی تاوانبارو جینایەتکاری ئاخوندی لە ئێران دەهێندرێتەوە. بێگومان درۆی بە ناو نووسەران و ڕۆناکبیران لە سەردەمی کۆن و لە سەردەمی ئێستادا دەردو بەڵاییێکی گەورەیە لە سەر کۆمەڵگە، ئەوانە بوونە هۆی ئەوە کە دیواری دەسەلات و بەڕێوەبەریی بە خواری بنیاد بنرێ و هاوکاری دەسەڵاتدارانی ستەمگەریان کردوە لە ڕاگرتنی ئەو دیوارە خوارەی دەسەڵات، کە بە خوێن و گیانی خەڵکی ڕەنج دیتوو قوربانیدانیان بوون بە بەردەبازی دەسەڵاتی نامەشروع و ناڕەوا. ئەو سەرەتایە بۆ ئەوە بوو کە مەبەستە سەرەکیەکەم لە نووسینی ئەم بابەتەدا باس بکەم کە ئەویش دەوری ڕوناکبیران و نوسەرانە لە ڕێنوێنی جەماوەرو دامەزراندنی وولات و نیشتمانێکی سەقامگیر. نووسەران و ڕوناکبیران دەبێ هەوڵ بدەن بۆ ڕاست کردنەوەی دەسەڵات و ڕێبەرانی گەل و شۆڕش. زۆر جار باس لە سیستم و دەسەڵاتداری لە وولاتانی ئوروپایی دەکرێ و بە نمونەی باش و جۆرو شێوەی ڕەوای دەسەڵاتداریی دەهێندرێنەوە، بێگومان ئەو شێوە دەسەڵاتداریە مەشروع و ڕەوایەی لە زۆربەی وولاتانی ئوروپا هەیە، هەر لە خۆڕا نەهاتۆتە ئاراوە، بێگومان وولاتانی ئوروپاییش لە پێش سەدەی 17 زایینی و لە سەردەمانی ڕابردو،خراپترین جۆری حکومەتیان هەبووە، هەر وەک لە سەرەتاشدا ئاماژەم پێکرد. بەڵام لە ئوروپاو لە وولاتانی پێشکەوتودا، ڕۆشنبیران و ونووسەران کەوتنە خۆ و بوونە زمانی خەڵک لە حەقبێژی و دژ بە گەندەڵی و جینایەت وێستانەوەو کۆتاییان بە پێداهەڵگوتنی ناڕاست و بێ بنەما بە سەر دەسەڵات و حکومەتدا هێنا. بەڵێ ئەوان بە ڕەچاو کردنی بنەما پیرۆزەکانی ڕۆشنبیریی، خاڵە لاوازەکانی دەسەڵاتیان دەست نیشان دەکردو لە قاویان دەداو هەروەها لە پێوەند بە کردەوەو خزمەتی دەسەڵات دڵخۆشی و پەسەندیان دەردەبڕی، کە ئاکامەکەی ئەوەیە کەلە ئێستادا سیستم و قانوونێک لە زۆربەی وولاتانی ئوروپایی پەسەند کراوە کە، دەسەڵاتدارو بەرپرس دەبێ لە گەڵ خەلک ڕاستگۆبێ، وە ئەرک و بەرپرسایەتی تەنیا بۆ قازانجی خەڵک و بە مەبەستی خزمەت بە وولات بە کار بێنێ. کاتێک وەزیرێک و بەرپرسێکی وولاتی خاوەن سیستم و دەسەلاتی خزمەتگوزارو ڕاست بێژ کردەوەییێکی هەڵەو پێچەوانەی قانون و بەرنامەی وولاتەکەی دەکات، هیچ پاساوێک بۆ کردەوە دژی قانونیەکەی ناهێنێتەوە. بۆ نمونە لە ماوەی ڕابردوو (ئینگر نستۆی بێرگ)کە خانمەو وەزیری کۆچ وپەنابەرانی پێشووی وولاتی دانمارکە بە هۆی پێشێلکردنی قانونی وولاتەکەی بە جیاکردنەوەی ژن و مێردێکی ئەفغانی لە یەکتر، چۆتە بەردەم دادگاو ئیعترافی کردوەو ددانی پێداناوە بڕیارەکەی دژ بە قانونی وولات بووە، وێ دەچێ ئەو وەزیرە لە کەسە ڕاستەکان بێ، بەڵام سەرەڕای ڕوانگەو بیروبۆچوونیشی لەبەرانبەر پەنابەران، ددانی بە هەڵەکەی خۆیدا ناوە. نمونەی لەو شێوە لە سەر ئیعتراف و ددان پێدانانی بەرپرسانی وولاتانی پێشکەوتوو لە سەر کردەوەی هەڵەو گەندەڵیان زۆرن، ئەو نمونانە ئەوەمان پێ دەڵێ کە وولات لە سەر درۆ و گەندەڵی بەرێوە ناچێ، پێمان دەڵێ بەرپرس دەبێ شەهامەتی ئەوەی هەبێ هەرکات کردەوەییێکی هەڵە بەرانبەر بە وولات و جەماوەرەکەی کرد ئیعتراف بکاو هەروەها ڕۆشنبیران و نوسەران لە بەرانبەر گەندەڵی بوێستنەوەو دەسەلات و سیستمی تاونبار لە قاو بدەن. کوردستانی ئێران و ڕۆشنبیرانی تەزیوی دزێوی بێ بەراوردو تاریک بیرو تاوانبار! وەک ئاشکرایە گەلی کورد دەیان ساڵە لە پێناو بە دەستهێنانی مافە زەوت کراوەکانی خەبات دەکاو هەزاران ڕۆڵەی کورد لە پێناو گەیشتن بە مافی ڕەوا،گیانیان فیدای گەل و نیشتمان کردوە، بەڵام بەداخەوە تا ئێستا کورد بە سەرەتایی ترین مافەکانی نەگەیشتوە. قەتیس مانەوەی جوڵانەوەی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان، بە هۆی نەبونی گیان فیدایی و قوربانیدان نیە، بە هۆی نەبوونی تێکۆشەرانی خۆنەیست و بە برشت و دڵسۆز و ....... هتد نیە. بەڵکو هۆییێکی سەرەکی سەرنەکەوتنی جوڵانەوەی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان لە نەبونی نەقدی پێویست و ڕەخنە لە شۆڕش و ڕێبەرانی جوڵانەوەی گەلی کوردە. گەلی کورد سەرەڕای قوربانیدانی زۆر تا ئێستاش لە سەرەتای کاردایەو نەیتوانیوە هەنگاوی گەورە بۆ گەیشتن بە ئامانج هەڵگرێ. یەکێک لە دەردە گەورەکان لە جوڵانەوەی مافخوزانەی کوردستانی ئێران ئەوەیە کە لە ڕیزی لایەنە سیاسیەکان و هەورەها لە ناو کۆمەڵگەدا کەسانی بە ناو ڕۆشنبیرو نوسەر، هەر لە خۆڕاو کوێر کوێرانە بوونە سەنا بێژی دەسەڵاتی ناڕەواو و ئەم یا ئەو لایەنی سیاسی و ئەم یا ئەو بەرپرسی لایەنە سیاسی. تەنانەت ئەگەر کەسانێک زمانی ڕەخنەیان بکرێتەوە ئەو بە ناو نوسەرو بە ناو ڕۆشنبیرانە، بە شێوەیێکی دوور لە بنەماو هەڵسوکەوتی ئەخلاقی هێرشی دەکەنە سەرو تۆمەتی جۆراوجۆی دەخەنە پاڵ. بێگومان تا تەعریف و پێداهەڵگوتنی بێ بنەما بکرێتە کاری سەرەکی بە ناو ڕۆشنبیران و ڕێگری بکرێ لە ووتنی ڕەخنەی شیاو لە هەر کەس و لە هەر ڕێبەرێکی شەهیدو کۆچ کردوو وە ڕەخنە لە هەر لایەنێکی سیاسی و فێری ئەوە نەبین کە گوێ لە ڕەخنە بگرین و فێری ئەوە نەبین ڕێگە دروست و شیاوەکان بۆ داهاتوو دەست نیشان بکەین، کورد بە ئامانجەکانی ناگا. ئێمە دەبێ هەوڵ بدەین سەداقەت و ڕاستی بکەینە بنەماو هەروەها بە ڕەخنەی سازندە لە ئێستاو ڕابردووی جوڵانەوەی کوردو ڕێبەرانی بە دیاردەییێکی پێویست بۆ جوڵانەوەی مافخوازنە بزانین. هیچ کەس و هیچ شۆڕشێکی مافخوازانە لە میللەت و لە نیشتمان گەورەتر نیە. جا ئەگەر نیشتمان و گەل و شۆڕشی مافخوازانە خۆشەویستن، کەوایە پێویستە گوێ لە ڕەخنە بگرین و لە بەرانبەر ڕەخنەدا، ئەو شێوە ڕەفتارە لە خۆ نیشان نەدرێ کە ستەمگەران و جەلادەکان دەیکەن.

لاپەرەی 6



ڕووناکبیران و نوسەرانی بێ هەڵوێست تاوانبارانی مێژوون


دیپلۆماسی ئیدئۆلۆژیک، نەک بەرژەوەندی ! ل 2


ئەرکی و بەرپرسیاری ئێمە بەرامبەر بە ژینگە و، ڕێگری لە تێکدانی ژینگەی کوردستان. ل 2


کوردستانی ئێران نوقمی قەیرانەکان بووە. ل 2


کوژرانی جۆرج فلۆیدی ئەمریکایی و فریوکاری دەسەڵاتداران لە ئێران! ل 3


ئاخوندەکان، بکوژانی داربەڕووە بە جێماوەکانی چاخی بەستەڵەکن! ل 3


خوێندەوەیەکی کورت بۆ دیاردەی کۆڵبەری!. ل 3


پەیامی کومیتەی ناوەندی سازمان بە بۆنەی ساڵیادی 59 شەهیدی شاری مهاباد ل 3


یادی سەروەران ل 4


ڕۆڵی ژنان لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی ئاخوندی دا. ل 6


دەوری ژنان لە چالاکیە مەدەنی و سیاسیەکان، لە کوردستان دا. ل 6


پیرۆز بێ یادی ٣٥ ساڵەی ڕادیۆ دەنگی خەباتی کوردستانی ئێران . ل 7


پەیامی سەرەخۆشی سکرتێری گشتی سازمانی خەبات بە بۆنەی کۆچی دادە عیسمەت موڕادخانی . ل 7


کوردایەتی یان خەباتی ئیدئۆلۆژی؟


دوو کۆبوونەوەی ئۆنلاین ی ڕێکخستنەکانی دەرەوەی وڵاتی سازمانی خەبات ل 8

**تێکۆشان.** ئۆرگانی کومیتەی ناوەندی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران. ژمارە :{321} ساڵی سی و شەشەم . 30 ی جۆزەردانی 1399 ی کۆچی خۆری .20ی ژوئیەنی 2020 ی زاینی

# دیپلۆماسی ئیدئۆلۆژیک، نەک بەرژەوەندی!

کامیل نووڕانی فەرد



لە ئاستی نێونەتەوەیی دا هەموو کایە سیاسیەکان لەسەر ئەساس و بنچینەی کۆمەڵێک پێوەر و ستانداردی جیهانی بونیاد نراون و پێوەرەکانی وەک بەرژوەندیی هاوبەش و دەسکەوت و ڕێژەی یارمەتی گەیاندن بە یەکتر بنەمای دۆستایەتی و لێک نزیکبوونەوەی وەڵاتانی دارشتووە و وەڵاتان لەسەر زۆرترین بەرژوەندیی و قازانج دۆست و هاوپەیمانەکانی خۆیان دیاری دەکەن.

بەلام بە پێچەوانەی ئەو یاسا گشتی و نێونەتەوەییە، دەسەڵاتدارانی ڕژیمی ئاخوندی لە هەمان یەکەم چرکەکانی بە تاڵان بردنی دەسکەوتی خەڵک و چوونە سەر تەختی دەسەڵات، بنەمای سیاسەتی دیپلۆماسییان لەسەر بنەما ئیدئۆلۆژییە مەزهەبیە فاشیستیەکانی خۆیان دارشتووە و ساڵیانێکی دورودرێژە ئەو سیاسەتە زیانبار و شکست خواردووە درێژە پێ دەدەن.

لەقۆناغە جۆراوجۆرەکانی مێژووی حکوومەتداری ئەو سیستەمە بە جوانی دەتوانین ئاستی شکست خواردوویی ئەو سیاسەتەمان بۆ دەربکەوێ. دژایەتی ئیسرائیل و ئەمریکا و دیاری کردنیان وەک دژمنانی ئەو وەڵاتە و کار پێکردنی ڕێنوێنیەکانی خومەینی لە چوارچێوەی هەنارده کردنی شۆرشی ئێران بۆ دەرەوەی سنوورەکان ئەو بنەما سەقەت و نەزانانەیە بووە کە لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە کراوەتە وەزنەی تەرازوو بۆ هەڵسەنگاندنی دۆست و هاوپەیمان و دژمن و نەیار.

ئاخوندان بە ئامانجی دژایەتی ئەمریکا هەمیشە سیاسەتی نزیکایەتی لە وەڵاتانی ئەمریکای لاتینیان گرتۆتە پێش و زۆر جار شاهێدی دەست و دڵبازییەکانی ئاخوندان لە هەمبەر ئەو وەلاتە بێ خێر و بێرانە بووینە و یارمەتیە بێ بەرانبەرەکانی دەسەڵاتدارانی ئێران بۆ ئەو وەڵاتانە هەمیشە جێگەی نارەزایەتی مشت و مڕ بووە، تەنانەت لە ناو پارلەمان و نێوخۆی سیستەمیش.

ئەحمەدی نەژاد لەماوەی سەرۆک کۆمارییەکەی تاکە دۆست و هاوپەیمانی وەڵاتانی ئەمریکای لاتین بوو و گەورەترین هاوپەمانیشی هۆگو چاوێز سەرۆک کۆماری وێنێزۆئێلا بوو.

پاش ئەوەی کە روحانی بوو بە سەرۆک کۆمار، تیمی ناوبراو سیاسەتی نزیکایەتی زۆری دەوڵەتی ئەحمەدی نەژاد لە وەڵاتی وێنێزۆئێلایان کۆتایی پێهنا و هەوڵی نزیکایەتی زیاتر لە دراوسێکان و وەڵاتانی رۆژئاوایان لە دوای گرتنە پێشی سیاسەتی نەرمیشی قارەمانانە دا. بەڵام لە پاش شکستی ئەو سیاسەتە و شێوانی نێوان ئێران و وەڵاتانی رۆژئاوایی و لەسەرووشیانەوە ئەمریکا و سەپاندنی قورسترین تەحریمەکانی مێژووی وەڵاتی ئەمریکا بۆ سەر ئێران و هاوکات شکستی ئابڕووبەرانەی سیاسەتەکانی ئێران لەناوچەکە وەک عێراق و لوبنان و سوریا و بە جۆرێک پاشەکشە و بڕینەوەی دەستی ئێران لەهەموو ئەو وەڵاتانە و سەرهەڵدانی دەنگی نارەزایەتی گەلان لە چوارچێوەی دەرکردنی ئێران لە وەڵاتەکانیان، دووبارە لەماوەی یەک دوومانگی رابردوو شاهێدی گۆرانکارییەکی نوێ لەلایەن تارانەوە بە نیسبەتی سیاسەتیان لە هەمبەر وەڵاتی وێنێزوئیلا بووینە.

رۆژی 20ی جۆزەردان فرۆکەکانی هەڵگری یارمەتیەکانی ئێران بۆ رووبەرووبوونەوەی کۆرۆنا لەو وەڵاتە لە زەوی وێنێزوئیلا نیشتەوە.

ئەوە لەکاتێکدایە کە بە هەموو یارمەتیەکانی یونیسێف و ڕێکخراوی بێهداشتی جیهانی و چین و کورەی باشوور و روسیا و ئیمارات و قەتەر و باقی وەڵاتان، رژێم ئیدیعای ئەوەی دەکرد کە دیسان بۆ رووبەرووبوونەوەی کاریگەری ئەو نەخۆشیە پێویستیان بە 5 میلیارد دۆلار قەرز لە سندوقی نێونەتەوەیی هەیە. هاوکات لەگەل ئەوەش لە ئێستادا کە بە هۆی ریعایەت نەکردن و بێ باوەربوون بە رێوشوێنەکانی قەرەنتینە لە لایەن دەوڵەت و هاتنی شەپۆلی دووهەم کارەساتی نەخۆشیەکەی بەربڵاوتر کردۆتەوە، ناردنی یارمەتی بۆ وێنێزۆئێلا جێگەی تێرامانە.

جیاواز لەوەش ماوێک لەمەوپێش ئێران 5 نەوتکێشی هەڵگری یەک ملیۆن و نیو بۆشکە سووتەمەنی بە نرخی 45 میلیۆن دۆلاری ناردبوو بۆ وێنێزۆئێلا و هەروەها یارمەتی بۆ زیندووکردنەوەی پالاوگەکانی ئەو وەڵاتەی دابین کردبوو. پرسیارەکە ئەوەیە قازانجی ئەو نزیکایەتی و یارمەتیانە دەبێ چی بێ بۆ دەسەڵاتداران و خەڵکی ئێران ؟ وەڵاتی وێنێزۆئێلا لەئاستی جیهانی خاوەنی چ پێگە و هێزێکە؟ رەوشی باقی وەڵاتانی ئەمریکای لاتین چۆنە؟ وەڵاتی وێنێزوئێلا بە هۆی گەمارۆ ئابوورییەکانەوە ساڵی رابردوو هەڵاوسانی 800 هەزار لەسەدی تۆمار کرد و زیاتر لە 5 میلیۆن کەس تەنیا لەماوەی چەند ساڵی رابردوو لەو وەڵاتە هەڵاتوون و ئاڵۆزییە سیاسیەکان لەو وەڵاتە بە کردەوە هەموو جوڵەیێکی پەک خستووە. دوو وەڵات کە لەو پەری قەیران و رۆژە سەختەکانی مێژووی دەسەڵاتدارییان دەژین .

ئەو رەوشە ناهەموارە لە باقی وەڵاتانی ئەمریکای لاتینیش هەروایە و لەوەڵاتی نیکاراگۆیە دانییل ئۆرتیگا بە هۆی سەرکووتی بەربڵاوی خەڵک هیچ خۆشەویستیەکی نەماوە و لە برێزیل و ئیکوادۆریش چەپەکانی شکستیان خواردوو و بەرەی راسترەو هاتوونەتە سەرکار و هەر بۆیە هیچ کام لە وەڵاتانی جێگەی باوەری رژیم لە ئەمریکای لاتین خاوەنی هیچ پێگە و نفوزێک نین.

بێگومان هیچ قازانجێکی سیاسی و ئابووری لەو پێوەندییەدا بۆ خەڵکی ئێران وەدەست نایەت و تاکە هۆکار لەو باج دانەی دەسەڵات، قەڵسە گێران و لە دژایەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە و بە پێی لێکدانەوە سەقەتەکانی دەسەڵاتدرانی تاران وابیر دەکەنەوە کە ئەو جۆرە پێوەندیانە دەتوانێ کاریگەرییەکی لەسەر دەوڵەتی ئەمریکا هەبێ. ئەمریکایێک کە تەنانەت روسیە لە زۆر شوێن ناچار بە پاشەکشێ دەبێ لەبەرانبەر سیاسەتەکانی ئەو وەڵاتە.

ئەو باج و یارمەتیە بێ بەرانبەرە بەربڵاوانەی دەسەڵاتی ئاخوندی کە لەسەر حیسابی بژێوی و رەوشی ژیانی خەڵک بۆ وەدەست هێنانی سۆزی وەڵاتێکی بێ خێر و بێر دەیکات، تەنیا دەتوانێ دەرخەری شکستی دیپلۆماسیەتی ئاخوندان بێ و پەلەقاژە بێ سوودەکانی سیاسی تاران پێش دەرمانی یەکجاریی نیشان ئەدا.

# ئەرکی و بەرپرسیاری ئێمە بەرامبەر بە ژینگە و، ڕێگری لە تێکدانی ژینگەی کوردستان.

جەلال خۆشکەلام

گرنگی دان بە ژنگە وپاراستنی رۆژ لە دوای رۆژ لە گەشەسەندنی بەردەوامدایە. ژینگەپارێزی بۆتە پرسێکی گرنگ و کاریگەر لە جیهاندا، بەچەشنێک جیاواز لە هەوڵ و تێکۆشانی چالاکوانانی ئەم بوارە، زۆرینەی وڵاتانی جیهانیش یاسای تایبەتیان سەبارەت بە چاککردن و پاراستنی ژینگە دارشتووە و حکومەتەکانیش لە چەشنی وەزارەتێکی تایبەت دا، بایەخ بە ماف و ئەرک و چۆنیەتی پاراستن و دارشتنی یاسای چاککردنی ژینگە دەدەن. لە سۆنگەی ئەو ڕاستیەی کە بەسەربردنی ژیان لە ژینگەیەکی پاک و بێگەرد مافێکی بنەڕەتی هەر یەکێک لە ئێمەیە و مرۆڤەکان بەگشتی و دەسەڵاتداران و دەوڵەتان بەتایبەتی بەرپرسن لە پاراستن و ڕێزگرتنی ئەو مافە و پێویستە لەهەمبەر ئەم پرسەدا بەوشیاریەوە مامەڵە بکەین و ڕێگری لەهەر کارێک بکەین کە زیانی بۆ سەر ژینگەکەمان هەیە. لەپرسی گلوبالیزم دا ژینگە چەمکێکی هاوبەشی جیهانی بەردەکەوێ و پرسکە بۆتە پرسێکی جیهانی گرنگ و لەچوارچێوەی قەومی و دەوڵەتی هاتۆتە دەرێ. واتە شێواندنی ژینگە و پێشێلکردن و ئەهمیەت نەدان بە پرسی ژینگە، لەلایەن هەر کەس و دەوڵەتێکەوە ئەنجامبدرێ، مەحکوم دەکرێ و لەقاو دەدرێ و قبوڵکراو نابێ. بێگومان چەمک و لێکدانەوەی ژینگە فرەڕەهەند و فراوانە و دەکرێ لەزۆر بوارەوە پێناسە بکرێ. سادەترین پێناسە بۆ تاکی کورد ئەوەیە کە ژینگە بریتیە لەو سروشتەی کە لەدەوروبەرمان دا هەیە و هەموو ئەو مادە زیندەوەر و نازیندەوەرانە دەگرێتەوە کە لەدەوروبەری خۆماندا هەستی پێ دەکەین و ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ پەیوەستە بە ژیانی ئێمەوە و کاریگەری هەیە لەسەرمان. تاکی کورد لە پارێزگاریکردن لەژینگەی خۆی نابێ کەمتەرخەم بێ و دەبێ هەروەک چۆن بۆ ڕزگاری گەل و نەتەوە و خاکی خەبات دەکا و تێدەکۆشێ، بە هەمان شێوەش لە پێناوی پاراستنی ئاو وهەوا و دارستان و زیندەوەر و گیاندارەکانی ناو خاکی قەڵەمڕەوی کوردستان دڵسۆزانە تێبکۆشێ و ڕێگە لەپلانی زۆرداران و ناحەزانی کورد بگرێ و نیشتمان و ژینگە بەپاکی و ئاوەدانی بمێنێتەوە. لەسەر تاکی کورد و لەناو جەرگەی سروشت و خاکی کوردستان دا پێویستە کە خۆیان لەناو شار و گوندەکان بەهاوکاری چالاکوانانی ژینگە پارێزی نوێنەر و چاودێر دیاری بکەن و سزای ئەو کەسانە بدەن کە دەبنە هۆکاری شێواندن و پیسبوونی ژینگە و سروشتی کوردستان. بەهامان شێوەش ڕێگە نەدرێ کە ماڵ و باخچە و کۆڵان و پارکەکانی نێو گەرەکەکان، لەناو گوند و شارەکان پیسبکرێ. دەکرێ ناوە ناوە کاری هەرەوەزی و بەکۆمەڵ



ڕابگەینرێ بۆ بەشداریکردنی زۆربەی تاکەکانی کۆمەڵگە بۆ پاککردنەوەی شوێن و سەیرانگا و پارکەکان. یەکێکی تر لەو ئەرکانەی کەدەکەوێتە سەر شانی تاکی کورد ئەوەیە کە خەڵک لە چاندنی دار و ڕووەک بە شێوەیەکی زۆر چالاک بن ولە ناو شار و لادێکان درێغی نەکەن و ساڵانە بیکەنە نەریت کە لە چالاکی جۆر بەجۆردا هەوڵی بەکۆمەڵ بدەن بۆ چاندنی دار و سەوزایی زیاتر لەناو کوردستان دا.



گۆڕانکاری نازانستیانە لەناو ژینگە و تێکدانی هاوسەنگی بەهۆی چالاکی ڕۆژانەی مرۆڤەوە، گەورەترین فاکتەری لەناوبردن و زیانگەیاندن و هۆکاری پیسبوونی ژینگەن. هەربۆیە گرنگە هەر گۆڕانکاریەک کە لەژینگەدا دەکرێ بەشێوەیەکی زانستیانە بێ و نەهێڵدرێ کە ئەو گۆڕانکاریانە کار بکەنە سەر تێکدانی ژینگە و سروشتی دەوروبەرمان. لەلایەکی دیکەوە پێویستە هوشیاری ژینگەپارێزی و گرنگی پاک ڕاگرتنی ژینگە بەناو کۆمەڵگاکەماندا بەشێوەیەکی فراوانتر بڵاو بکرێتەوە. پێویستە لەفرێدانی پاشماوەکانمان وریابین و گرنگی بدەین بەوەی کەچۆن دەتوانین بەباشترین شێوە ببینە هۆکاری پاکڕاتنی شوێنەکان و هێشتنەوەی سروشت وەکو خۆی. بێگومان پاک ڕاگرتنی ژینگە سودی دەبێ بۆ ژیانێکی تەندروست و کەش و هەوایەکی پاک و بێ گەرد لەدەوروبەرمان. خەڵکی کورد، بەهۆکاری هەژاری و چەوسانەوە و داگیرکردنی خاک و نیشتمانەکەی نەیتوانیوە بەشێوەی پێویست کار لەسەر ژینگە پارێزی بکا و بەداخەوە وشیاری ژینگە پارێزی لەکوردستان دا لەگەڵ گرفت و ڕێگری زۆر بەرەو ڕوە. نەبوونی زانیاری لەسەر ژینگە و پاراستنی بۆتە هۆکارێک کە ژینگەی کوردستان بە شێوازی جۆراو جۆر پیس دەکرێ،

بەتایبەتیش لەسەیرانگا و شوێنە گشتیەکان. لەناو هەرێمی کوردستان دا ئەرکی حکومەتی هەرێم دەبێ چڕتر بکرێتەوە و لە کوردستانی ئێرانیش پێویستە هەر هێزو لایەنێکی سیاسی مەیدانی خەبات و تێکۆشان، شانبەشانی چالاکوانانی ژینگە پارێز لە کوردستان دا، هەوڵی جدی بدەن هەم بۆ پاراستنی ژینگەکەمان و هەمیش بۆ وشیارکردنەوەی کۆمەڵانی خەڵک لەزیان و مەترسیەکانی ژینگەیەکی نالەبار و ناتەندروست لە کوردستان دا هەوڵ بدەن. دوژمنانی کورد بەدرێژایی مێژوو، بێ گوێدانە هیچ بەهاو گرنگیەک بە هۆکار و بەهانەی جیاوازەوە هەوڵی بەتاڵان بردن و شێواندن و تێکدانی ژینگەی کوردستانیان داوە. لەهەر بەشێکی کوردستان دەبینین بەبەردەوامی دوژمنەکانمان هێرش دەکەنە سەر ژینگەی ئێمەو خاپوری دەکەن. سوتان و تۆپبارانکردنی دارستانەکانی کوردستان لەهەموو بەشەکانی کوردستان بەناوی بوونی هێزی پێشمەرگە و هەروەها پرسگەلێکی ترەوە ڕۆژانە دەسوتێندرێ. سوپای جنایەتکاری پاسدارانی ڕژێم تاکو ئێستا لەهیچ شوێنێکی کوردستانی ئێران دەستی نەپاراستوە. سوتانی دارستانەکانی مەریوان و سەقز و بانە و سەردەست و پیرانشار،گەورەترین نموونەن لەم بارەوە. بەتاڵانبردنی سەروەت و سامانی سروشتی و دزینی ژێرخانی ئابووری شانبەشانی سیاسەتی پاکتاوی نژادی لەلایەن دوژمنانەوە لەکوردستان دا بەردەوامە و ڕۆژانە شاهیدی چەندان هەوڵ و هێرشی لەو جۆرە دەبین و پێویستە گەلی ئێمە بەوشیاریەوە ڕووبەڕووی ئەو سیاسەتە نەگریس و چەپەڵە ببێتەوە.

سوتانی دارستان و لێڕەوارەکانی کوردستانی ئێران، بە بەهانەی کۆنترۆڵکردنی ناوچەو هەروەها چەواشەکاری وەک ڕەواندنەوە و دەرکردنی جنۆکە لەناو دارستانەکان دا بەردەوامە. تاکو ئێستا خەڵک و چالاکوانە ژینگەپارێزەکانی کوردستان خۆیان بەرپەرچی ئەو سیاسەتە دەدەنەوە و ڕژێم خۆی لێ بەئاگا دەکا. زۆرێک لە گیاندارە دەگمەنەکانی کوردستان تووشی زیان و لەناوچوون بوون.

کاولکاری و لەناوبردنی شوێنەواره کلتوریەکانی کوردستان بەناوی دروسکردنی بەندا و هەروەها دروسکردنی ڕێگاوبان و زۆر بەهانەی دیکە بەشێکی دیکەی سیاسەتی ڕژێمە. بەنداوی داریان لەسەر ڕووباری سیروان و لە ناوچەی هەورامانی کوردستانی ئێران و نزیک لە سنووری هەڵەبجە یەکێکە لەو نموونە مەترسیدارانەی کەڕژێم بێ گوێدانە بەها کلتوری و شوێنەواریەکان بەئەنجامی گەیاند. ئەمە لە کاتێک دا کە جالاکوانانی ژینگە پارێزی لەهەردوو بەشەکەی کوردستان ڕایان گەیاند کە ڕژێم بەبیانوی دروستکردنی بەنداو و گلدانەوەی ئاو، هەوڵی کاولکاری ژینگە و لەناوبردنی شوێنەواری کۆنی هەورامان دەداو ئەو بەنداوە غەیری مەترسی و زیانگەیاندن هیچ قازانجێکی بۆ سەر خەڵکی ناوچەکە نیە. ڕێژیمی ئاخوندی بەئیقراری خودی عیسا کەلانتەری ڕەئیسی ڕێکخراوی ژینگەپارێزی ڕژێم ڕایگەیاندووە کە ئێران لە بواری لەناوبردنی ژینگەدا پلەی یەکەمی لە جیهاندا هەیە. ئەوەش ئەو ڕاستیەمان بۆ دەردەخا، کە دەسەلاتدارانی ڕژێمی ئاخوندی لە ئێران، هیچ کاتێک پرسی ژینگەیان بۆ گرنگ نەبوە و بەڵکو تێکدانی ژینگەیان وەک یەکێک لە میکانیزمەکانی مانەوەی خۆیان و سەپاندنی زیاتری دەسەلاتی خۆیان بەکار هێناوە .

خەڵکی کوردستان و تێکۆشەران و هێز و لایەنە سیاسیەکان و چالاکوانانی بواری ژینگە دەبێ بەتوندی ڕوبەڕوی سیاسەتی نەزانانە و دوژمنکارانەی ڕژێمی ئاخوندی بوەستنەوە و خەباتمان لەپێناوی پاراستنی ژینگەو سروشتی جوان و سازگاری کوردستان چڕترکەینەوە و ڕێگە لە هەر جۆرە هەوڵێکی نەزۆک و ترسنۆکانەی ڕژێم بگرین. پێویستە پەیامی ژینگەی سوتاو زامداری کوردستان بگەیەننە ناوەندە جیهانیەکان و پێیان ڕابگەیەنین کە دارستانەکانی ئێمە کە دەسوتێن جگەری هەموو مرۆڤایەتین و دەبێ ڕێگری لێ بکرێ و تاوانەکانی ڕژێمی ئاخوندی لەسەر ژینگەی کوردستان، لەناو کۆڕو ناوەندەکانی جیهاندا باسبکرێ و مەحکوم بکرێ.



# کوردستانی ئێران نوقمی قەیرانەکان بووە!

لە ئامادەکردنی: ڕێزان شەهیدی پەنا



وولاتی ئێران، ماوەی چل ساڵە لەگەڵ گەورەترین قەیران و کارەسات و نەهامەتیەکانی سەردەم بەرەوڕووە، کە هۆی ئەم دۆخە بێگومان دەسەڵات و سیستمی گەندەڵ و دواکەوتووی ئاخوندانە. کوردستان بەهۆی خەبات وخۆراگریەوە، چەند بەرابەر کارەسات و قەیران و دیاردەی جەرگ بڕ بەسەریدا سەپێندراوە وتوش کراوە. لە ماوەی دەسەڵاتی ئاخوندانی زاڵ بەسەر ئێران دا، کوردستان نوقمی چەندەها قەیران و کارەسات بۆتەوە و بە بەردەوامی تراژیدیا و قەیرانەکان لەم هەرێمە ڕوو لە هەڵکشانن. هێندێک لەو قەیران و کارەساتانەی ڕوویان لە کوردستانە بریتین لە:

١_ قەیرانی هەژاری:
هەژاری بە یەکێک لە سەرەکیترین کێشەکانی ڕۆژانە دا ئەنرێ کە بەرۆکی خەڵکی ئێران و بەتایبەتی کوردستانی گرتووە، ڕۆژانە شاهێدی خۆکوژی خەڵک، جیابونەوەی هاوسەرەکان، بەجێهێشتنی مەدرەسەو زانکۆکان دەبین.......

2_ کۆرۆنا: ڕێژەی توشبووان بە کۆڕۆنا لە سەر ئاستی جیهان زۆر زیادی کردووە و وولاتی ئێران و کوردستانیش، ئاستێکی بەرزی لە تووشبوون و مردن بەخۆیەوە بینیوە و ڕۆژانە هەواڵ لە پێوەند بە ڕێژەی بەرزی مردن و تووشبوون لە زۆربەی شارەکان دەبیستین. هاوکات ڕژێم هیچ ئامارێکی ڕاست لەو پێوەندەدا بڵاو ناکاتەوە و بەردەوامە لە شاردنەوەی ڕاستیەکان!

3_ کوشتنی خەڵکی بێ تاوانی کورد:
ڕژێمی ئاخوندی بۆ بەردەوامیدان بە دەسەڵاتی نگریسی خۆی لە کوشتنی خەڵکانی بێ تاوان بەمەبەستی بێدەنگ کردنی کۆمەڵگا و پەردە پۆشکردن و شاردنەوەی جینایەت و گەندەڵیەکانی سیستم و دەسەڵاتەکەی دەست ڕاناگرێ، و لەو چوارچێوەیەدا ڕۆژانە و بە بەردەوامی شاهێدی کوشتنی خەڵک دەبین. لەماوەی حەوتووی ڕابردودا (ئاسیە پەناهی)کە لە گەڕەکێکی هەژارنشینی کرماشان نیشتەجێ بوو، شارەوانی ماڵە بچوکەکەی ڕوخاند و بەهۆی خەم وخەفەت، گیانی سپارد، گوشاری تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان بووە هۆی ئەوەی کە ڕژێم دان بەکوشتنەکەیدا بنێت. هەروەها کوشتنی گوماناوی دوو گەنجی دیکە لە پادگانەکانی ڕژێم و بەدەیان و سەدانی دیکە.

4_ دیاردەی کوشتنی کۆڵبەران:
ڕۆژانە دەبیستین کە بە تەقەی ڕاستەوخۆی تڕۆریستانی سپای پاسداران، کۆڵبەران و کاسبکارانی کورد کە بۆ پەیداکردنی پارویەک نان پەنا دەبەنە بەر دیاردەی تاقەت پڕوکێنی کۆڵبەری کە زۆربەی هەرە زۆری کاتەکان مردن دەبێتە چارەنوسیان.

5_ بەتاڵان بردنی سەرمایەی کوردستان: ڕژێمی ئاخوندی بەردەوام خەریکی بەتاڵان بردنی خاک وسەرمایی کوردستانە.
کوردستان ئەگەر داهاتوو سەرمایەکەی بۆخۆی بێت ناکەوێتە هیچ قەیرانێکەوە و چارەسەرکردن و کۆنترۆڵکردنی هەر دۆخێکی قەیراناوی ئاسانتر و زووتردەبێ، بەڵام ڕژێمی خۆسەپێنی ئاخوندی هەمووی زەووت کردووە.
بە پێی زانیاریەکان، ڕژێم بەتاڵان بردنی سەرمایەی کوردستانی چڕتر کردۆتەوە و لە شاری سنە لە شەقامی فیردەوسی دەستیان بە دەرهێنانی گەنجینەیەک ک ڕژێم هیچ جۆرە خزمەتێکی بەخەڵکی کوردستان نەکردووە و ناشی کات، لە هەمان کاتیش دا کە خەریکی بە تاڵان بردنی کانگا ژێر زەویەکانی کوردستانە بۆ ئەوەی خەڵک بێدەنگ بکات بەناوی چاک سازی، پایەگاکانی ئەو شوێنانە ژێرو ڕودەکات، بۆنمونە شارەکانی وەک کرماشان، تیکاب، سنە وەک پردی مەردۆخ، پارکی ئەمیریە، حەمامی خان،کە هەموو میرات و مۆرکی کوردستانە بەتاڵان بردووە.

6_ سوتاندنی دارستانەکانی کوردستان: لەم ماوەیەدا دەبینین کە دارستانەکانی کوردستان چۆن دەسوتێن، بە سەدان جۆر ئاژەڵی ئەو دارستانانە لەناو ئاگردا سووتان، خەسارەتی بەرووبوومی جوتیاران کە هیچ ئاوردانەوەیەکیان بۆناکرێت.

7_ کێشەی بێ ئاوی و پیسبوونی ئاو: ئەم دیاردەیە زۆربەی شارەکانی کوردستانی گرتۆتەوە، لەم ماوە دا کێشەی ئاو لە شارو گوندەکانی کوردستان تەنگی بە خەڵک هەڵچنیووە و کاربەدەستانی ڕژێم هیچ هەوڵ و هەنگاوێک نانێن بۆ چارەسەری ئەو کێشانە کە زەرەرو زیانێکی زۆری بە باغوباغاتی خەڵکیش گەیاندووە. دەیان قەیرانی تر کە هاو وڵاتیان بۆ بێ دەربەستی کاربەدەستان لە بەرانبەر ژیانی خەڵک دە دەزانن.

# کوژرانی جۆرج فلۆیدی ئەمریکایی و فریوکاری دەسەڵاتداران لە ئێران!

عەلی بەهرامی



ڕۆژی 25ی مانگی مەی 2020 لە شاری مینیاپولیس لە ویلایەتی مینەسوتای ئەمریکا، پیاوێکی ڕەش پێست بەناوی جۆرج فلۆید لە ژێرچۆکی پۆلیسێکی سپی پێستدا کوژرا.ئەو ڕووداوە هەر زوو لە میدیا و تۆرە کۆمەڵایەتیەکانی ئەمریکادا بڵاوبویەوەو بووە هۆی سەرهەڵدانی ناڕەزایەتی خەڵک دژی ئەو کردووە نامرۆڤانەیەی پۆلیسە سپی پێستەکە. ئەو ناڕەزایەتیانە نە تەنیا لە ئەمریکا بەڵکو لە زۆربەی پێتەخت و شارە جیاجیاکانی وڵاتانی جیهان دژ بە ڕەگەزپەرەستی و جیاکاری ڕەگەزی بەڕێوەچوو.ناڕەزایەتیە جەماوەریەکانی ئەمریکا و جیهان دژ بە گیان لەدەستدانی جۆرج فلۆید، بە ڕێژەیەک کاریگەر بوو کە دادگای ئەمریکا بڕیاری بۆ گرتنی ئەو پۆلیسە و حەوت کەسی دیکە لە هاوڕێکانی دەرکرد و لە دوای دادگایی کردنیان حوکمی قورسیان بە سەردا سەپێندرا. لە کاردانەوەکان بە کوژرانی جۆرج فلۆید، ژمارەیەک لە سەران و بەرپرسی حکومەتەکانی ڕەقیبی ئەمریکا هەڵوێستیان گرت و داشداریان لە جۆرج فلۆیدی ڕەش پێست کرد و سیستەمی ئەمریکا و بەتایبەت دەسەڵاتی ئێستای کۆشکی سپیان خستە ژێر پرسیارەوە. یەکێک لەوانە خامنەیی ڕێبەر و ئاخوند ڕۆحانی سەرۆک کۆماری ڕژیمی ئاخوندی بوون کە هەڵوێستیان گرت و فرمێسکی تیمساحیان بۆ جۆرج فلۆید ڕشت. ئاخوند روحانی کە لە پەیامێکی ویدۆییدا قسەی لە سەر چەند بابەتێک و بەتایبەت ڕووداوی جۆرج فلۆید کرد و بە کارەساتێکی جیهانی ناوبرد، ناوبراو وتی ئەوە دەرخەری ئەو ڕاستیەیە کە هێشتا بۆ گەیشتن بە تەمەدونی جیهانی و مرۆڤ سەروەری کە بۆ پێشڕەوان، پیاوچاکان و بەتایبەت پێغەمبەری ئیسلام گرینگ بووە، مەودای زۆری ماوە . ناوبرا هەروەها وتی ئێمە لەگەڵ هەموو خەڵکی ئەمریکاین کە بەهۆی کوشتنی جینایەتکارانەی ڕەش پێستێکی ئەمریکایی بە دەست پۆلیسی ئەو وڵاتە، لە شەقامەکاندان هاودەردی و هاوخەمی دەکەین، وە هەروەها وتی: ئینجیل کتێبێک نیە کە فەرمانی کوشتنی بێ تاوانێک بدات، جێی شەرم و ئابروو چوونە کە سەرۆک کۆمارێک دەیەوێ دژ بە نەتەوەکەی هەنگاو هەڵبگرێ، دەست دەداتە ئەو کتێبە ئاسمانیە و ئەو کردووەیەی ترامپ دەبێتە هۆی تووڕەیی هەموو دینە ئیبراهیمیەکان. کتێبی پیرۆز بە لای ئێمەیشەوە پیرۆزە و ئێمەیش ڕێز لە ئینجیل و عیسا دەگرین.ئاشکرایە ئەوەی لە ئەمریکا ڕوی دا ویژدانی هەموو مرۆڤێکی هەژاند و کردووەی ئەو پۆلیسە ئەمریکاییە ئازاری مرۆڤایەتی دا. بەڵام وەکوو بینیمان بکەرانی ئەو کردووە گیران و دادگای وڵاتی ئەمریکا حوکمیان دەداو سزا دەدرێن. ئەوەی روونە هەمووو ئەو فرمێسکانەی لە لایەن دەسەڵاتدارانی ئێران کە بەناوی داشداری لە مرۆڤایەتی و پیرۆزیەکانەوە لە سەر ئەو ڕووداوە، ڕژان، ڕیا و فریو و ڕوو هەڵماڵدراوی ئەو کەسانە بەتایبەت ئاخوند ڕۆحانی بوو. ئاخوند ڕۆحانی لە کاتێکدا باس لە جۆرج فلۆید و پۆلیسی ئەمریکا دەکات کە ڕژیمی ئاخوندی و خودی ڕۆحانی دەستێکی باڵای لە خوڵقاندنی جینایەت و ڕشتنی خوێنی هەزاران کەسی کورد و نەتەوەکانی دیکەی ئێران هەبووە و هەیە. ڕۆحانی کاتێک باس لە کتێبی پیرۆز دەکات و لۆمەی دۆناڵد ترامپ دەکات بۆ بەدەستەوە گرتنی کتێبی پیرۆز، کە خومەینی ڕێبەر و دامەزرێنەی ڕژیمەکەی بەناوی قورئانی پیرۆز و دینی ئیسلامەوە فتوای جیهادی ناڕەوای دژ بە نەتەوەی کورد ڕاگەیاندو هەموو ئەو ئاخوندانەی سەریان لە ئاخوڕی ڕژیمەکەی ڕۆحانی دا بوو لە حاست ئەو کردووە دژە دینی و دژی مرۆڤایەتیە کە لە کوردستان ئەنجام دەدران و پێچەوانەی کتێبی پیرۆزی قورئان بوون، بێ دەنگ بوون یان پشتیوانیان لێ دەکرد.ئاخوندانی دەسەلاتدار لە کاتێکدا بەناوی ڕژیمەوە لەگەڵ خەڵکی ئەمریکا هاودەردی دەکەن، کە چل ساڵە هەرچی سەرکوت و جینایەتە دژ بە خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێران بە ناوی دینی خوا و هەموو پیرۆزیەکانەوە ئەنجام داوەو دەرد و ئازاری بێ ئەژماریان تووشی خەڵکی ئێران کرد و بۆ هەر جینایەتێکیان لە ڕاست خەڵک، ئایەت و بەڵگەیەکی کتێبە پیرۆزە ئاسمانیەکانیان هێنایەوە. ئەگەر ئینجیل کتێبێک نیە بڕیاری کوشتنی بێ تاوانان بدات، بێگومان قورئان و کتێبە ئاسمانیەکانی دیکەش نەهیان لە کوشتنی مرۆڤی بێ تاوان کردووە، بەڵام ئەو ئاخوندە دژە مرۆیانە کە تەنیا شێوەیان لە مرۆڤی ئاسای دەچێ و کردووەکانیان هاوشێوەی دڕندەکانە، لەسەر چ ئەساسێک بڕیاری کوشتن و برینی دەست و پێ و هەڵکۆڵینی چاوی ئەو سەدان مرۆڤە بێ تاوانە کورد و ئێرانیانەیان داو هەر درێژەی پێدەدەن؟!ئەگەر بەدەستەوە گرتنی کتێبی پیرۆز لەلایەن دۆناڵد ترامپەوە شەرم و شوورەیی هەموو دینە ئیبراهیمیەکان بێ، ئەوە پەناگرتن لە پشت کتێبە پیرۆزەکان و دەسەڵات کردن بە پێی دین و گەندەڵی و کوشتوبڕی خەڵکی ئێران و ئەو هەموو ئاژاوەگێڕیەی ئاخوندان لە ناوچەکەدا، سنوور و مەرزی هەموو شەرم و شوورەییەکانی تێپەڕاندووە. ئەوەی ئاخوند ڕۆحانی باسی لێدەکات تەنیا ڕوو هەڵماڵدراویەو ئەو ئاخوندانە نەک هەر بۆ ئینجیل و مەسیح بەڵکوو گەورەترین بێ ڕێزیان بە دینی ئیسلام و مەزهەبە جۆراوجۆرەکان لە ئێران کردووە. ئاکارو کرداری ٤٠ ساڵەی ئاخوندان بە ناوی دینی ئیسلامەوە ئەو ڕاستیەی بۆ هەموو لایەک نیشان داوە، ئەوەی دەیکەن و دەیڵێن بێ ڕێزیە بە تێکڕای دین، قانوون، یاسا و ڕێسا ئاسمانی و زەمینیەکان.

کۆتا قسە ئەوەیە لە دوای کوژرانی جۆرج فلۆید دادگای ئەمریکا ڕێچکەی دادپەروەرانەی خۆی گرت و سزای بەسەر تاوانبارانی ڕووداوەی 25ی مەی دا، بەڵام لە ئێرانی ئاخوند لێدراودا کە ٤٠ ساڵە بە ناوی دین و مەزهەبەوە جینایەت و تاوان بەڕێوەدەچێ و هەموو ئاخوندان و پاسدارو کاسەلێسەکانیان کە هەتا ئەنیشکیان بە خوێنی خەڵکی بێ تاوانی ئێران سوورە، تەنیا کاتێک بە سزای خۆیان دەگەن کە یاسا و ڕێسا و دادگایەکی دادپەوەر و دەسەڵاتێکی خەڵک پەسەند و دیموکراتیک بێتە ئاراوەو ئەو کات هەموو تاوانباران ببرێنە بەردەم دادگا و سزای شیاو بدرێن، ئەوە ئەوکاتەیە خەڵکی ئێران دەرد و ئازارەکانیان نامێنێ و برینەکانیان سارێژ دەبێ.

# ئاخوندەکان، بکوژانی داربەڕووە بە جێماوەکانی چاخی بەستەڵەکن.!

شۆڕش حاجی

هاتنە سەرکاری دەسەڵاتی ڕەشی ئاخوندی لاپەڕەیێکی نوێی دیار و بەرچاوی لە مێژووی وەڵاتی ئێران هەڵدایەوە. هەڵبەت بەرچاو نە لە بواری پێش کەوتن و خێر و بەرەکەت، بەڵکو بەرچاو لە مێژووی ڕۆژ ڕەشی و نەهامەتی و جینایەت و لەناوبردن و خاپوور کردن بە واتای ووشە لە هەموو ڕەهەند و بەستێنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و کلتووری خەڵکی ئێران. جیاواز لە ڕەهەندەکانی تر بەشێک کە لە ماوەی ئەو 4 دەیەی دەسەڵاتداریەتی ئاخوندان شاهێدی لەناو چوونی بووینە بەشی ژینگە و ژینگەپارێزییە.

کە باسی ژینگە لە چوارچێوەی حوکمی ئاخوندان دەکرێ، یەکەمین شتەکان کە بەرچاو و بە زەینمان دەگات ووشکبوونی زەریا و ڕووبارەکان، سووتانی دارستان و لەناوچوونیان، کارەساتی لافاو و هورووژمی تۆز و خۆڵ، لەناوچوونی مەزرا و خاکە پڕ پیتەکان و دەیان بەڵای ترە. لە ڕۆژانی ڕابردوو دیسان شاهێدی کارەساتی سووتانی دارستانەکان و لەناوچوونی ژینگە و ئاژەل و ڕووەک و زیندەوەرە دەگمەنەکانی زاگرۆزبووین. زیاتر لە 10 ڕۆژە دارستانەکانی دالاهۆ لە ئاگر دا دەسوتێن و سروشتی زاگرۆس لە حاڵی بوون بە خۆڵەمێشە، داربەڕووەکانی بە جێماوی چاخی بەستەڵەک لە چرکە ساتێکدا بوون بە خەڵووز و لەناو چوون.

دیاردەی سووتان و لەناوچوونی دارستانەکانی کوردستان و ئێران بابەتێکی تازە نین و هەتا ئێستا بە سەدان جار ئاگر لە دارستان و مەزراکان بەردراوە و تا ئێستاش ئەو ڕەوتە خەریکە زیان بە ژینگە دەگەینێ و ڕێگە چارە و ڕێگەکارێکی دروست بۆ بەرگرتن لە ڕودانی ئەو کارەساتانە نەکراوەتەوە. بێگومان ئەوەی کە ڕێگەکارێک بوونی نییە ناگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە هەل و مەرج و دۆخەکە ڕێگە نادا، بەڵکو ئەوە زیاتر دەستی دەسەڵاتدارانی ئاخوندی و کەمتەرخەمیەکانی ئەو دەسەڵاتە لە ڕاست چارەنووسی وەڵات و خەڵکەکەی و بە تایبەتی سیاسەتی سوپای پاسدارانی لە پشتە. هەوڵ نەدان بۆ کوژاندنەوەی ئاگر لە وادەی خوی و نەناردنی هێزی مرۆیی و ئیمکاناتی پێویست و هەلیکۆپتەری



تایبەت بە کوژاندنەوەی ئاگر ڕێگە بۆ تەشەنەسەندنی خێرایی ئاگر خۆش دەکەن و ئەوە لەکاتێکدایە ئەگەر بۆ سەرکووت کردنی خەڵکی نارازیی بێ بە خێرایی هەموو هێزەکانی ئاسمانی و زەوی بە هەموو بەداخەوە لەوەڵاتی ئێران حکوومەت ئەوپەری کەمتەرخەمە و لەڕوداوی لەمچەشنە تا چالاکانی سەربەخۆی ژینگە و کۆمەڵانی خەڵک وەخۆ دەکەون بۆ پاراستنی ژینگە، خەسارەتێکی گەورە دروست بووە و وەک ئامارەکان نیشانی ئەدەن لەماوەی ساڵانی پێشوو دوو لەسەر شەش بەشی ژینگەی زاگرۆس لەناو چووە.

هەڵبەت ئەوە بەشێک لەهۆکارەکان دەگەڕێتەوە بۆ کەمتەرخەمیەکانی دەسەڵات، بەشێکی تری سیاسەتی خودی دەزگاکانی ڕژیم و دەستی سپای پاسدارانی لە پشتە و بە ئامانجی کەمکردنەوەی داپۆشراوی ئەو ناوچانە لە ڕووەک و دار، ساڵانە ئاگر لە دارستانەکانی کوردستان بەردەدرێ و بە باوەڕی خاوی خۆیان حەشارگەی دژە شۆڕشەکان بەمجۆرە لە ناو دەچن. سیاسەتی ڕژیم لە ڕاست ژینگە سیاسەتێکی جینایەتکارانە و خائینانەیە و ئەو ڕەوتە وادەکات ئەو سەروەت و داهاتە سروشتیانەی لەماوەی سالیانێکی دورودرێژەوە پێکهاتوون لە چرکە ساتێکدا لەناو بچن و بەمجۆرە خەیانەت لە نەوەکانی داهاتوو بکرێت و موڵکی گشتی بە فیرۆ بچێ.نابێ فەرامۆش بکرێ چاوەڕوانی لە دەسەڵاتێکی لە چەشنی ئاخوندانی ئێران بۆ پاراستنی ژینگە و ڕێگری کردن لە سووتانی دارستانەکان چاوەڕوانیەکی دوور لە ڕاستیە و وەک چۆن بایەخێک بۆ گیانی مرۆڤەکان لەناو ئەو سیستەمە بوونی نییە، بێگومان بوونەوەر و زیندەوەرەکانی تری ئەو وەڵاتە پارێزراو نابن، بۆیە تاکە چارەسەر بۆ کەمبوونەوەی خەسارەتە ژینگەیی و مرۆییەکان نەمان و لەناوچوونی ئەو سیستەم و دەسەڵاتە دیکتاتۆرەیە بە هەوڵ و تێکۆشانی تێکرای نەتەوەکانی ئێرانە.

# خوێندنەوەیەکی کورت بۆ دیاردەی کۆڵبەری!.

کەریم بابەکری

کوردستانی ئێران خاوەن پرسێکی سیاسی، نەتەوەیی و جوغرافیایە و خاکەکەی بەزۆر داگیرکراوە. دەسەڵاتە داگیرکەرەکان هەمیشە بە چاوی گومان سەیری کوردیان کردووە، هەر ئەوەش وای لێکردوون بە بەرنامە کوردستان تووشی قەیران و دیاردەی جۆراوجۆر بکەن. کوردستان لە کۆنەوە لەلایەن ئەو ڕژیمانەوە وەک ناوچەیەکی پەراوێزخراو هەڵسوکەوتی لەگەڵ کراوەو بە ئەنقەست هەژارنشین کراوە. ناوچەیەکی هەژارنشین، بەڵام دەوڵەمەند بە چەندین جۆر کان و کانزای ژێرزەوی وەک: نەوت،ئالمینیۆم، زێڕ،ئاسن، ئاو و ...هتد، دەوڵەمەندە بە بەرووبوومی کشتوکاڵی و حەیوانداری و خاوەن خەڵکێکی زەحمەتکێش و بە ئیرادەیە. بەڵام بە هاتنی ڕژیمی ویلایەتی فەقیە، بەرنامەی پەراوێزخستنی کوردستان و پرۆسەی بەهەژار کردنی ناوچەکانی کوردستان لەلان ئەم ڕژیمەوە زۆر زیاتر بەڕێوەچوو. ئەو بەرنامە و سیاسەتە دژمنکارانەی دەسەڵاتدارانی ئێران بە ڕادەیەک کاریگەری لە سەر کوردستان داناوە کە ڕۆژانە شاهێدی ئەو ڕاستیەین قەیران و دیاردەی جیاجیا داوێنی خەڵکی هەژار و زۆر لێکراوی کوردستان دەگرێ. یەکێک لەو دیاردانەی هەموو مرۆڤێکی خاوەن ویژدان دەهەژێنێ، دیاردەی کۆڵبەریە کە لە چەند ساڵی ڕابردوودا بە هۆی هەژاری تاقەت پڕوکێنەوە پەرەی سەندووەو خەڵکی شارەکانی کوردستان بەتایبەت شارە سنووریەکان بۆ بژێوی ژیان ناچار بە ئەنجامدانی ئەو کارە قورس و حەستەمەن.کۆڵبەری کارێکی حەستەم و قورسە



کە کەسی کۆڵبەر باری قورس لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە بە ڕێگەگەلێکی هەوراز و چڕدا دەگوازێتەوە. بە هەموو پێوانەیەک ئەم کارە کاری مرۆڤ نیە و ئەوانەی ئەو کارە بە ناچاری دەکەن لە دوای چەند مانگێک یان چەند ساڵی کەم ئەگەر لەلایەن هێزە داگیرکەرەکانی ڕژیمی ئاخوندیەوە نەکوژرێن، یان ئەوەی لە بەرزاییەکانەوە نەکەونە خوارەوە یانیش ژێربەفرنەکەون و سەرمانەیانبا، ئەوە حەتمەن بە هۆی قورسایی بارەکەیانەوە نوقستان دەبن و توانای هیچ کارێکیان نامێنێ. زۆر کەس لە پرسی کۆڵبەراندا تەنیا تراژیدیای کوشتن یان کەوتنە خوارەوەیان دەوروژێنێ بۆ ڕای گشتی، بەڵام کەم وابووە ئەسڵی بابەتەکە پەنجەی بۆ ببرێ کە ئەویش ئەوەیە کۆڵبەری کاری مرۆڤ نیە و مرۆڤەکان نابێ مەجبور بکرێن بە کارێکی وا حەستەم و تاقەت پڕوکێن و ئەوەیش لە کوردستانی ئێران ڕوودەدا جۆرێکی دیکەیە لە مرۆڤ کوژی، پاکتاوی نەتەوەیەک.

لە ڕاستیدا پێویستە پێش ئەوەی باس لەسەر کوشتنی یان کەوتنە خوارەوە و سەقەت بوونی کۆڵبەران بکەین، پێویستە قسە لەسەر ئەوە بکەین کە بۆچی دەبێ کۆڵبەری بکرێ، پێویستە کاری کۆڵبەری مەحکوم بکرێ و لۆمەی ڕژیم بکرێ لەسەر سیاسەتە دژمنکارانەکانی لە ڕاست خەڵکی کوردستان. بەرپرسانی دز و فاسدی دەسەڵاتی ویلایەتی فەقیە، کوردستانیان بەڕێژەیەک تووشی پووڵی ڕژیمی ئاخوندی سەدان جار لە خەڵکی کوردستان باشتر و لە بارترە.

ئەو دەسەڵاتە دژە کوردە تەنیا بە هەژار و برسی هێشتنەوەی کوردستانەوە نەوەستاوە بەڵکوو ڕۆژانە کۆڵبەران و کاسبکارانی کورد دەداتە بەردەستریژ، کە بەو کارەی ئەو ڕاستیە دەسەلمێنێ ئەو دەسەڵاتە مافی ژیانیش بە تاکەکانی کورد بە ڕەوا نابینێ و بۆ کوشتنیان لە هەموو دەرفەت و بیانوویەک کەڵک وەردەگرێ.

کۆڵبەری و دەرد و دیاردەکانی دیکەی داوێنی خەڵکی کوردستانی گرتووە تەنیا کاتێک کۆتاییان پێدێ کە دەسەڵاتی ئاخوندانی ف و دژە کورد کۆتایی پێ هاتبێ و دەسەڵاتێکی گەل پەسەند و دادپەروەر لە ئێران و اسد کوردستاندا بێتە ئاراوە. برسیەتی و هەژاری کردووە، کە لە 200 ساڵی ڕابردوو و لە قات و قڕیەکان و وشکە ساڵیەکانیشدا وێنەی نەبینێدراوە. ئەو دەسەڵاتە دژە کوردە لە کاتێکدا کوردستانی تووشی قەیرانی هەژاری و دیاردەی کۆڵبەری کردووە کە سەرمایە و مافی خەڵکی کوردستان تەرخان دەکات بۆ پەرەپێدانی بیر و فکری دواکەوتووانەیان لە وڵاتانی هەژاری ناوچەکە و ئافریقا، پەرەپێدانی هێزی سەرکوت و بەرنامەی چەکوچۆڵ و بۆ پشتیوانی لە تاقم و گرووپە تیرۆریستیەکانی لە فەلستین، لوبنان، سوریە، عێراق، یەمەن و وڵاتانی دیکە. ئاستی ژیانی خەڵکی باشووری لوبنان بە پووڵی ڕژیمی ئاخوندی سەدان جار لە خەڵکی کوردستان باشتر و لە بارترە.

ئەو دەسەڵاتە دژە کوردە تەنیا بە هەژار و برسی هێشتنەوەی کوردستانەوە نەوەستاوە بەڵکوو ڕۆژانە کۆڵبەران و کاسبکارانی کورد دەداتە بەردەستریژ، کە بەو کارەی ئەو ڕاستیە دەسەلمێنێ ئەو دەسەڵاتە مافی ژیانیش بە تاکەکانی کورد بە ڕەوا نابینێ و بۆ کوشتنیان لە هەموو دەرفەت و بیانوویەک کەڵک وەردەگرێ.کۆڵبەری و دەرد و دیاردەکانی دیکەی داوێنی خەڵکی کوردستانی گرتووە تەنیا کاتێک کۆتاییان پێدێ کە دەسەڵاتی ئاخوندانی فاسد و دژە کورد کۆتایی پێ هاتبێ و دەسەڵاتێکی گەل پەسەند و دادپەروەر لە ئێران و کوردستاندا بێتە ئاراوە.

# پەیامی کومیتەی ناوەندی سازمانی خەبات، لەساڵیادی ئیعدامی ٥٩ لاوی نیشتمانپەروەری کورد لە شاری مهاباد!.






ڕژیمی خومەینی لە ١٢ ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٦٢ کۆچی خۆری، لە ڕاگەیاندراوێک دا کە لەلایەن فەرماندارى ئەوکاتەی مەهاباد حەمیدرەزا جەلایی پووری خیانەتکارەوە ڕاگەیەندرا، 59 لاوی کورد یان لە شاری مەهاباد ئیعدام کردوە.

زۆربەی ئەو لاوە تێکۆشەرانە لە دوو مانگی ئەوەڵی ساڵی ١٣٦٢ ی کۆچی خۆریدا واتە خاکەلێوە و بانەمەڕ زیندانی کرابوون. چەند کەسیان تەمەنیان ژێر ١٨ ساڵ بوو و لە خوێندنگای سەرەتایی دەیانخوێند.

ئیعدامی ئەو لاوانە لەدرێژەی جینایەتکاری و ستەمگەریەکانی دەسەڵاتی ئاخوندی لە بەرانبەر خەڵکی کوردستان بە تایبەت، و تێکڕای نەتەوەکان و خەڵکی ئێران بوو. هەر لە سەرەتای بە دەسەڵات گەیشتنی ڕژیمی خومەینی، ئەو دەسەڵاتە هەوڵیدا بە جینایەت و کوشتوبڕ وەڵامی ماف و ئازادیەکانی دانیشتوانی کوردستان و جوڵانەوەی مافخوازنەی گەلی کوردو بڕیارِی جەماوەری کوردستان بۆ گەیشتن بە ماف و ئازادی و ڕزگاریەکانی بداتەوە.

جینایەت و ستەمی بێ بەزییانەی ئەو دەسەڵاتە لە تێکڕای شارو ناوچەکانی کوردستان دەستی پێکرد کە لە ماوەی ٤١ ساڵدا بەردەوامە. تاوان و جینایەتی بەردەوامی دەسەڵاتی ئاخوندی لە بەرانبەر خەڵکی کوردستان و تێکڕای خەڵکی ئێران، ئەو ڕاستیەمان بیردەهێنێتەوە، کە ڕژیمی ئاخوندەکان گۆڕانکاری بە قازانجی خەڵک لێ ڕەچاوناکرێ و هەر جۆرە هەوڵێک بۆ دانوستان و ووت وێژ لە گەڵ ئەو دسەڵاتە دڕندەو دیکتاتۆرە، بە زیانی جەماوەری وەزاڵەهاتوو، بە زیانی ڕێبازی شەهیدانی سوورخەلاتی کوردستان و تێکڕای شەهیدانی شۆڕشی ڕەوادایەو تەنیا حکومەتی ستەمگەری ئێران بۆ مانەوەو درێژ بوونەوەی دەسەڵاتەکەی کەڵکی لێ وەرگرتوە.ئیعدامی ٥٩ لاوی بێ تاوانی کورد لە شاری مەهاباد جینایەتێکی لە بیر نەکراوەیە لە لای خەڵکی کوردستان بە تێکڕاو تێکۆشەرانی ریزەکانی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران بە تایبەت.لە ساڵڕۆژی شەهادەتی ئەو تێکۆشەرانە سڵاو درود دەنێرین بۆ ڕۆحی بەرزیان و بەڵێن دەدەین تا سەرکەوتنی یەکجاری و هاتنە دی ئامانجی پیرۆزی شەهیدان لە خەبات و تێکۆشانی شێلگیرانە لە بەرانبەر ڕژیمی ناڕەوای ئاخوندانی دژی خەڵکی بەردەوام بین.

سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران کومیتەی ناوەندی

12 ی جۆزەردانی 1399 کۆچی خۆری 06.01.2020 زایینی

تێکۆشان. ئۆرگانی کومیتەی ناوەندی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران. ژمارە :{321} ساڵی سی و شەشەم . 30 ی جۆزەردانی 1399 ی کۆچی خۆری .20ی ژوئێنی 2020 ی زاینی



# یادی سەرووران.






## سەروەری گەل شەهید ڕەشیدی کەریم زادە

ئەگەر لاپەڕەکانی مێژووی نەتەوەکەمان هەڵدەینەوە، بەسەر چەندین قۆناغی پڕ زەحمەت و فیداکاری و خەڵاتی خوێن و قوربانی دەکەوین کە پشکی ئەم مێژووە پڕ لە سەروەریە وەبەر چەوساوانی ئەم گەلە ئازاو و نەبەردە کەوتووە. مانەوە و هەرمانی نەتەوەی بە دیفاع و تێکۆشەری کورد بەند بووە بەم تێکۆشان و قوربانیدانەوە و مێژووش ئەوەی سەلماندووە کە خەبات و قوربانیدانمان، هۆکاری مانەوەو سەروەریمان بووە.هەزاران شەهیدە کە لە نێو کۆڕی شەهیدانی کوردستاندا، شەهیدانی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران جێگەی گرینگی گرتووە وگەرمترین کۆڕی هەیە و شەهیدانی ئەم هێزە، لە بەنرخترین ڕۆڵەکانی ئەم نەتەوە بوون. یەکێک لەو شەهیدانە کە کۆڕی فیداکارانی خۆبەختگەری گەرم کرد و بە حەماسەوە بەرەو پیری مردن چوو، شەهید ڕەشیدە. شەهید ڕەشید کەریم زادە کوڕی عەزیز خەڵکی گوندی کانی بەن سەر بەناوچەی بانە زەحمەتکێشێکی هەژارو نەدار بوو کە هەر لە سەرەتای ژیانیدا لەگەڵ کاری کشتوکاڵ بۆ بەڕێوەبردنی ژیان دەستەو یەخە بوو، سەرەڕای ئەوەش لە هەموو خۆشیەکی ژیانی وەک خوێندن و سەنعەت و پێویستیەکانی تری ژیان بێ بەش بوو. لە هەموو بارێکەوە هەستی بە ژێر دەستی و نەداری دەکرد، هەر بۆیەش چەکی پێشمەرگایەتی لە شان کرد و زۆر بە ڕێک و پێکی ئەرکی پیرۆزی پێشمەرگایەتی بەڕێوەبرد. تا لە ڕۆژی 10/جوزەردانی/1364 دا لە گوندی کانی گوێز دوای شەڕێکی نابەرانبەر کە لەوێدا هێزێکی زۆر لە دوژمن کوژران، بەداخەوە شەهید ڕەشید بە گوللەی دوژمنان پێکرا و دوای 3 ساعەت لە برینداری، گیانی پیرۆزی فیدای کوردستان کرد.

هەزاران سڵاو لە ڕێگای پڕ لە ڕێبواری.

## سەروەری گەل: شەهید مەلا عەلی ڕەسوڵی.

یەکێک لەو شتانەی کە کار دەکاتە سەر گیانی شۆڕشگێری و دەبێتە هاندەری هەڵگرانی ئاڵای ئازادی و ڕێبوارانی ڕێبازی شانازی خوڵقێنی شەهیدان، هەر یادی ئەو شەهیدانەیە و ڕێزگرتن لە ئامانج و ڕێبازەکەیانە، بەو مانایەی دەکرێ بڵێین یەکێک لەو دەرسانەی زانکۆی مەزنی شۆڕش کە مرۆڤی شۆڕشگێر بە فێربوونی سوور دەبێ لە سەر هەوڵ و تێکۆشان، یادی شەهیدانە. چونکە ئەو شەهیدانە دەرسی فیداکاری و لە خۆبوردوویی بە کردەوە بە ئێمە دەڵێن و پێمانی حاڵی دەکەن کە چۆن پەیمان ببەستین و چۆن پێی وەفاداربین و چۆن بژین و چۆن بمرین. لە ناو شەهیدە سەربەرزەکانماندا یادی شەهیدی نەمر مەلا عەلی ڕەسوڵی دەکەین کە بە گیانبازی و فیداکاری، لە پێناو خاک و نیشتمان گیانی خۆی بەخشی.

شەهید مەلا عەلی فەرماندەی لێهاتوو ئاگاو تێگەیشتوو و کوردێکی پاک و کورد خۆشەویست بوو.شەهید مەلا عەلی دەردی دەرونی کوردانی دەزانی و وێران کران و سووتاندنی کوردستانی بە چاوی خۆی دیبوو و ئازاری گەلەکەی بە ئازاری خۆی دەزانی. شەهید مەلا عەلی لە ساڵی 1338 لە گوندی سپیاڵی کوردستانی ئەودیوو هاتە دنیا.هەر لە ساڵەکانی هەوەڵی شۆڕشی کوردستانی ئێرانەوە هاتە ناو ڕیزی پێشمەرگەکانی کوردستانەوە و لە ساڵی 1359 دا خەباتی بێ وچانی خۆی شان بە شانی برا پێشمەرگەکانی لە سەنگەری سازمانی خەباتی کوردستانی ئێرانەوە دەست پێکرد و لە دژی هێرشی داگیرکەرانی کوردستان و جاشە بە کرێگیراوەکانی نۆکەری ڕژێمی خومەینی تا دوا ڕۆژی ژیانی گیان بازی کرد. لێهاتوویی شەهید مەلا عەلی لە کارو باری نیزامیدا بوو بە هۆی ئەوەی کە لە مانگی 12ی 1360دا بە فەرماندەری لقی شەهیدانی( بۆیەن) و لە مانگی 9ی 1362دا بە جێگری فەرماندەری هێزی شەهید سەید خەلیل داندرێ. لە ڕۆژی 1363/3/4 لە شەڕێکی قارەمانانەدا کە پێشمەرگەکانی سازمانی خەباتی کوردستان لە کێوی( نهێنی ) نزیک سەیرانبەن




هەڵکەوتوو لە ناووچەی بانە کەوتبوونە گیانی دوژمنانی ئازادی و زیاتر لە 30 کەس لە ئەفرادی دوژمن کوژران،بەداخێکی گرانەوە بە گوللەی دوژمن پێکراو لە ڕۆژی 1363/3/5دا ماڵئاوایی لە هەمووان کرد و شەهید بوو.هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی ئەو شەهیدەو سەرجەم شەهیدانی ڕێگای ئازادی کورد و کوردستان.




## سەروەری گەل شەهید برایم تاژانی.

کاتێک کە ناوی پێشمەرگە دەبردرێ واتا و مانای لە خۆ ولە قازانج بووردوویی دێتە دڵی ئادەمیزادەوە. کاتێک کە ناوی شەهید دەبردرێ واتاو مانای تیاچوون و شەهید بوونە لە ڕێی ئامانجی ڕەوادا. کاتێ دەوترێ پێشمەرگە، مەبەست ڕۆڵەی کوردی کەمەر بەستۆ بۆ خەبات و موبارزەیە، کاتێک دەوترێ شەهید مەبەست و مانای ئەوەیە کە سینە بە سینەی دوژمن وێستابێ و شەڕە بەردی مەرگی لەگەڵ دوژمن کردبێ و چێژی لە مەرگی خۆی کردبێ. بەڵام چەند بکرێ مەرگ بە سەر دوژمندا ببارێنێ. کاتێک دەوترێ قارەمان، مەبەست پێشمەرگەی دەست هەڵێن و لێهاتوو و چاو نەترساوە کە وەک بەور دابێتە دوژمن و وەک هەور سامی مەیدانی جەنگ داگرێ. کاتێک دەوترێ شۆڕشگێر مەبەست کەسێکە کە باوەری بە خەباتی گەل هەبێت. بڕەنجێ و شادکرێ، لە شۆڕش هەڵنەبڕێ و قازانجی شۆڕشی بوێ و لە ڕیزی فیداکاران نەچێتەدەر. کاتێک کە دەڵێن پێشمەرگەی شۆڕشگێر و قارەمان، کەوایە شەهید کەسێکە کە ئەو هەموو ماناو مەبەستەی تێدا هاتبێتەدی و بە ئیمان و لێهاتوی و لە خۆبردوویيەوە شەهید بووبێ.

کاتێک کە ناوی شەهیدی ئاوایی دەبرێ یەکە یەکەی شەهیدان لەناو کۆڕی شەهیدان سەر هەڵدێنن دەڵەی بەناوی خۆیان بانگیان دەکەی و ناویان دەبەی. لە هەرە سەربەرزەکانیان کە گەردی شەهادەت بە ئەندازەی کێلی گلگۆی بەرزە...

شەهید برایم تاژانیە، ئەو ڕۆڵە بالابەرز و بە هێرش و بە هەڵمەتەیە. ئەو ڕۆڵە قارەمانە کە ترس و خاوی نەدەزانی و هەموو هەلێکی بەهەلی خۆی دەزانی، نە ڕامانی بوو نە دامان یەک بە هەزار بوو. لەشکری بێ ژمار بوو سینەی قەڵای بەرگری بوو لە بەری جەنگدا، وە سەری موشەکی ئارپیجی بوو لە هێرشدا. لە ناوی، دوژمن دەلەرزی بە دیمەنی دڵ و جەرگی نەتەویی دەتەزی.

.

شەهید برایم تاژانی کوڕی سەعید لە بنەماڵەیەکی جووتێر و خاوەن زەوی و زار لە ساڵی 1337ی کۆچی خۆری لە دێی تاژانی ناوچەی بانە لە دایک بوو. دایک و باوکی لێی جیا بوونەوەو لە باوەشی گەرمی سۆزی مامەکانی دا گەورە بوو. بەشی خوێندنەوەو نووسینی خوێند. پاشان لە کاری کشتوکاڵ دا لەگەڵ مامەکانی ژیانی مێر منداڵی و شلکە لاوی بردەسەر. لە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی خەڵکی ئێران و پێک هاتنی هێزی خەڵک، بوو بە یەکێک لە چەکدارانی پاسگای دێی تاژان و هەر لەوێوە ڕێگای پێشمەرگایەتی کوردستانی گرتەبەر.

لە ساڵی 1359 دا هاتە ڕیزی پێشمەرگە خاوەن باوەڕەکانی سازمانی خەباتەوە. شەهید برایم تاژانی ڕۆڵەیەکی لێهاتوو و چاونەترس و چالاک بوو. پێشمەرگەیەکی لە خۆبردوو و فیداکار بوو، لە زۆربەری جەنگەکانی ناوچەی بانە دا بەشداری کردووە. لە هەموو جەنگیێک دا پەڕێزی دیاربوو. لە دروێنە کردنی دڕک وداڵی دوژمنانی کوردستاندا سەر پاڵە بوو. شەهید برایم 3 جار بریندار بوو بەڵام برینداری ورەی ئەو قارەمانەی بەرزتر دەکرد. شەهید برایم تاژانی لە بانەمەڕی 1362دا کرا بە فەرماندەی لقی شەهیدانی بانە لە هێزی شەهید خەلیل، لە ڕێبەندانی 1363دا کرا بە جێگری فەرماندەی هێزی ناوبراو ماوەیەکی کەمی چەند ڕۆژی لە دەرەوەی ڕیزی پێشمەرگە خۆی دەگرت و بێ ئەو ڕیزە هەڵی نەدەکرد. لەو ماوە کەمە داو بۆ خۆبەخت کردن و زەربەت دان لە دوژمن دەڕۆیی. تیغی جەوهەردار بوو خۆی لە کالان ڕانەدەگرت و دەستکەوتەکانی بە پاکی هەر بۆ کۆگای خەبات بوو. برایم تاژانی قارەمانی بێ ئەمان بوو، پێشمەرگەی بە جەرگ بوو، ڕۆڵەی تۆڵە بوو، هیواو هومێدی ڕیزی خەبات بوو، ئامانجی خەبات ئاواتی بوو.برایم تاژانی نازانی چ بوو کێ بوو، دەبێ لە هاوەڵان و خەڵکی ناوچە بپرسی کێ بوو، چۆن بوو؟ڕێبازی خەبات دەبێ سەری قارەمانی وابکرێ بە پردەبازی سەری ئەوانەی کە بەسەر بەرزی ژیاون و بە سەربەرزی شەهید کراون. گەلی کورد ڕۆڵەی وای زۆرن کە ڕێی خەبات و شەهادەت بە ئاوەدانی دەهێڵنەوە. شەقامی خەبات بە خوێنی خۆیان دەر دەکێشن، گیانی خۆیان بۆ خەبات دەوێ و سەری خۆیان بۆ پردەبازی ڕێی ئازادی کوردستان داناوە. یادی قارەمانی وەک شەهید برایم تاژانی بۆ شانازی و سەربەرزییە نەک بۆ پەژارەو ژێوانی. قارەمانەکان خۆیان بۆ ئەو ڕێگە دەوێ. گەلی کوردیش بەرخی نێری بۆ قوربانی دەوێ، شەهادەتی سوور خەڵاتە شیاوی ئەوانە، لای قارەمانان مەرگی سەر جێ سووکە و زیانە. بەڵێ هەر بۆیە شەهید برایم تاژانی نەبەزی ونەتەزی درێژەی دا بە خەبات و پێی وابوو شوان تا دانیشێ مەڕی دوور دەکەوێتەوە. ڕۆڵەی کورد نابێت لە خەبات وچان بگرێت. خۆ ئەگەر سەرکەوتنی گەلی کورد نەبینێ خۆسەربەرزی خۆی وگەل بە شەهادەت دەبینێ، وچانی لە خەبات نەگرت لە ڕۆژی 1364/3/10 لە جەنگێکدا کە زیاتر لە سی کەس لە هێزی دوژمنی تێدا کوژران. بە سەربەرزی و ڕوسووری بەرگی سوورخەڵاتی شەهادەتی کردەبەر و گیانی پاکی لە ڕۆژئاوای ئارمردەی ناوچەی بانەوە بەرەو بەهەشتی شەهیدان هەڵفڕی وتەرمی پیرۆزی چوونە ناو باوەشی نیشتمانەوە.

هەزاران سڵاو لە گیانی پڕ لە شانازی شەهید برایم و هاوەڵانی شەهیدی.

نووسینی: مامۆستا پەژار

**شەهیدەکان مامۆستای وانەی کۆڵنەدان و خۆراگرین لە زانکۆی ڕزگاری نەتەوە و نیشتمان دا.**




## سەروەری گەل شەهید عەبدولا قەیتولی ناسراو به(ئـــــــــــــاوارە)

چەندی داگیرکەران لە سەر داگیرکردنی خاکمان سووربن. چەنـدی دوژمنـانی گەل خەیـانەت وکوشت وکوشـتار بـکەن. چەنـدی بە دەیـان و سەدان تەرمی پیـرۆزی ڕۆڵە فیـداکارەکانی ئەم ئاو و خاکە بە دەستی دوژمنانمان بکەونە سەر عەرز، گەلـی قارەمـان و کـۆڵنەدەری کـورد بە چۆکـدا نـایەت و دەست لە شـۆڕش و موبـارزە هەڵناگرێت و کـاروانی لاوانـی کوردستان بەرەو کۆڕی خەبات بێ پسانەوە و حەسانەوە، ڕێگەی خۆی دەپێوێت و تـا گەیشتن بە لوتکەی ئامانج درێـــژە بە ڕێـــگەی شـــەهیدە هەمیشـــە زینـدووەکانمان دەدات. دایکـانی بە شـەرەفی نیشـتمان پەروەری کـوردەواری لەگەڵ هەر لای لایەو لاوانـدنەوەیەکی کـۆرپەی خۆشەویسـتیان دەرسـی خـۆڕاگری و موقـاوەمەت لە بەرانـبەر دوژمنـانی گەل و خۆشەویسـتی دایکـی گەورە نیشتمانی کوردیان فێر دەکەن و هەربۆیە لاوانی بە شەرەفی گەلەکەمان ناتوانن تەحەمولی زوڵم وزۆری داگیـــرکەران بـــکەن و چاویـــان بە داگیرکەرانی کوردستان هەڵنایەو بەبێ دوو دڵی ڕیزی پڕ لە شەرەفی کوردەواری هەڵدەبژێرن و بە گیان و دڵ بۆ پاک کردنەوەی کوردستان لە شـــوێنەواری داگیـــرکەر هەوڵ دەدەن و لەو پێنـاوەدا دەسـت لە هەمـوو خۆشـیەکی ژیـان هەڵـدەگرن، تـا ڕادەیەی گیان بەخشین دەڕۆن و بەوپەڕی ســـەخاوەتەوە گیـــانی پیرۆزیـــان دەبەخشن . بەڵـێ شەهیدە بەرزەکانمان ڕوناک کەرەوەی ڕێگـــای بـــێ پەڵەی خەبـــاتن و هەر لاپەڕەیەکـــی ژیـــانی ســـەربەرزانەیان دەرســـی فیـــداکاری و موقـــاوەمەت فێـــری ڕێبـــوارانی ئەو ڕیبـــازی دەکەن. داگیرکەرانـــی کوردســـتان بـــۆ بەچۆک داهێنانی شۆڕشگێڕان و بەناو خەواندنی شۆڕشی ڕەوای کوردستان لە هیچ چەشنە تـاوان و جینایەتێـک درێغیـان نەکـردووە و نـایکەن. هەر لە زینـدان و ئیعدام و کوشت و بڕەوە بگرە هەتا سیخوڕ دروست کردن لە ڕیزەکانی شۆڕش و مین دانـانەوە لە سەر ڕێگـای پێشمەرگەدا بـۆ چوونە سـەری مەبەسـتە گلاوەکانیـان، بەڵام کـوا ڕۆڵە فیـداکارەکانی گەل قارەمانـانی بـار هـاتوو لە مەکتەبـی فیـداکاری وخـۆڕاگری دا بەو بایـانە دەلەرزن تەنـــانەت مســـقاڵێک لە بـــاوەڕی پتەویان بە شۆڕش کز ناکات. بۆ چوونە سەری بەرژەوەنـدییەکانی گەلـی کـورد وازیـان لە هەر چەشنە قـازانجێکی شەخسـی خۆیـان هێنـاوە و تـا دوا کاتەکـــانی ژیـــانی پـــڕ لە شـــانازی پێشـمەرگایەتیان لە خـزمەت شـۆڕش و گەلـدا بوون لەو پێناوەدا بەو پەڕی شانازییەوە گیانی پـاک و پیرۆزیـان بەخشـی و چـوونە ڕیـزی شـەهیدە سـوور خەڵاتەکـانی شۆڕشـی گەلەوە. لاپەڕەکـانی ژیـانی هەرکـام لەو شـەهیدە سـەربەرزانە پـڕن لە دەرسـی فیـداکاری و خۆڕاگری، وەک یادگارێکی بە نـرخ لە پاشیان بە جـێ مـاوە و بـۆ بەرەکـانی داهـاتووی ئەو کوردستانە وەک کتێبێکی بە نرخ بۆ فێر بوونی دەرسـی پارێزگـاری لە بەرهەمەکـانی شـۆڕش و خوێنی شەهیدان کەڵکی لێ وەردەگرن.

لە یـادی سـەروەرانی ئەم جارەمانـدا یـادی ڕۆڵەیەکی دیکە لە مەیدانی خەبات و تێکۆشان دەکەیـن کە سـەرەڕای هەژاری و ئـاوارەیی بنەماڵەکەی بەوپەڕی لە خۆ بـردووییەوە هـاتە نـاو ڕیـزی پێشـمەرگایەتییەوە و لەو پێنـاوەدا گیانی پـاکی پێشکەش بە دایکی نیشتمان کرد. ئەو شەهیدە هەمیشە زینـدووە شەهید عەبـدوڵا قەیتـووڵی ناسـراو بە(ئـاوارە)یە. شـەهید عەبـدوڵا کـوڕی عەلـی، لە سـاڵ (1348) لە ئاوایی قەیتوڵی سەر بە شاری جوانڕۆ چاوی بە کوردستانی بەش مەیـنەت و چەوسـاوە هەڵێنـا. کـاک عەبـدوڵا لە ژێـر بـاری ستەمی گرانـی داگیرکەرانی حکومەتی پاشایەتیدا هەر دەهات و گەورە دەبـوو . کـاتێ پێـی نـایە(7) سـاڵی بـاوکی سەرەڕای ئەوەی کە فەقیرو بێ دەرەتـان بـوو، بەڵام لە بەر ئەوەی کە جـگەر گۆشـەکەی وەک خۆی کوێر و بـێ دەسەڵات نەبێت ناردیە مەدرەسـەو بە فەقیـری و هەژاری کەل وپەلـی مەدرەسەی بۆ فەراهەم کرد. شەهید عەبدوڵا تا پۆلی 5ی ئیبتدایی درێژەی بە خوێندن دا.دوای ڕوخـانی ڕژێمـی پاشـایەتی و هـاتنە سـەرکاری دەسـتەیەک ئاخونـدی بـێ مێشـک لە ئێرانـدا هێرشی لەشکەری دەگیرکەری ئاخونـدی بۆ سەر کوردستان و هەروەهـا دەست پـێ کردنـی شـەڕی ئێران وعێراق لە سنوورەکانی ئـاوایی قەیتـول یەکێک لەو سەدان ئـاواییەی کوردستان بـوو کە کەوتە بەر ئـاگری سـووتێنەری ئەو شـەڕە مـاڵ وێـران کەرەوە. خەڵکـی ئەو گونـدە زۆربەیـان ئاوارەی عێراق بوون کە یەکێک لەو بنەماڵانە، بنەماڵەی شەهید عەبـدوڵا بـوو. شەهید وێـڕای بنەمـاڵەکەی پـاش کێشـانی تـاڵی و ناخۆشـی و دەردی ئـــاوارەیی و دەربەدەری لە ئۆردوگـــای ئـاوارە ئێرانییەکـان لە ڕوومـادییە گیرسـایەوە، لە قۆناغەی ژیـانی بنەماڵەی شەهید عەبـدوڵا زۆر سەخت و دژوار بـوو. چونکە پیـری وکەنفتی بـاوکی و خێزانـداری بنەماڵەکەیـان شـەهید عەبـدوڵای وادار کـرد کە ڕەنـج و زەحمەتێکـی زیـاتر بکێشـێ تـا بتـوانێ بژێـوی ئەوان لە ئـاوارەیی و دەربەدەریـیەوە دابـین بکـات و موحتـاجی کەس نەبـن. شـەهید عەبـدوڵا وێـڕای ئاوارەیی و دەربەدەری و هەژاری بنەماڵەکەی بۆ ســاتێکیش شــۆڕش وپێشــمەرگایەتی لە بیــر نەکـرد. لە ئۆردوگـاش وەک لایەنگـری سـازمان کاری دەکرد و پەیوەندی لەگەڵ سازمان دەوامـی هەبـوو. پێـی خـۆش بـوو کە زووتـر بێتە ڕیـزی پێشـمەرگایەتی سـازمانی خەبـاتەوە. شـەهید عەبـدوڵا لە ڕێکەوتـی 1/ڕەزبەری/1368دا بە بـــاوەڕێکیپتەو بە شـــۆڕش هـــاتە ڕیـــزی پێشمەرگایەتی سازمانی خەبـات و پـاش ڕاهێنـان و بارهێنـــان نێـــردرایە مەڵبەنـــدی یەکـــی سازمانەوە. شـەهید عەبـدوڵا بە هـۆی دڵسـۆزی ودڵپـاکی لەو مـاوە کەمەی پێشـمەرگایەتیدا کە لە خـۆی نیشـان دا، کـرا بە کـادری بـێ تەلـی مەڵبەنـدی یەک و زۆر دڵسـۆزانە ئەو ئەرکەی بەڕێـوە بـرد. شـەهید عەبـدوڵا لە بەهـاری 1369دا لەگەڵ دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی مەڵبەندی یەک بۆ گەڕانی سیاسی نیزامی بەرەو نـاوچەکـانی جنـوبی کوردستان بەرێ بـوون. لە درێـژەی گەڕانـــی پێشـــمەرگەکانی ســـازمان لە نـاوچەی بـانە شـەوی 20لەسەر21ی جۆزەردان شەهید عەبـدوڵا لەگەڵ چەنـد هەڤـاڵێکی دیکە کە بـۆ مەئمـوورییەتێکی سـازمان دەڕویشـتن لە سـاعەت 12ی شـەودا مینێکـی تەڵەیـی پـڕ قـودرەتی بەکرێگیراوانـی ڕژێمـی ئێـران کە لە پشت ئاوایی نیروانی نـاوچەی بـانە نرابـۆوە لە ژێـــر پێیانـــدا تەقیـــیەوەو شـــەهید ئـــاوارە وهەڤـاڵێکی دیکەی شەهید بوون.

هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی شەهید ئاوارەو هەڤاڵانی شەهیدی بێت .




## سـەروەری گـەل شـەهید عـارف خـزمەت گـــــــــــــــــــــوزار.

ئەو شۆڕە لاوانە کە گـوڵی تەمەنیـان بە دەست ڕەشەبای داگیـرکەران هەڵ وەرا، ئەو قـارەمانـانە کە گیانیـان لە پێنـاو خـزمەت بە گەلەکەیانـدا بەخت کرد، ئەو ڕۆڵە کوردانەی کە لە گیانیان بـووردن و لە مـافی ڕەوای گەلەکەیـان نەبـووردن نـاوی پاک و پیرۆزیـان بـۆ هەمیشە لە مێـژووی پـڕ لە حەماسـەو قارەمـانەتی گەلـی کـورد دا دەمێنێـتەوە و یادیـان بـۆ هەمیشـە لە دڵـی دانەدانەی گەلەکەمـان دا تۆمـار دەکـرێ. ئەو گیانە بەرزانەی کە لە پێناو مافی گەلی کورد دا بەخت کران، ئەو خوێنە ئاڵ و گەشانەی کە بە دەسـتی نگریسـی داگیرکەرانـی ئەم ئـاو و خـاکە، ڕژانە سـەر عەرز بـۆ ساتێکیش لە بیـر شەرافەتمەندانی گەلەکەمـان نـاچێتەوە و یـاد و بیرەوەریـان شـەو چەڵەی مەجلیسـانە و دڵـی مـردوان گەرم دادێنـێ و هەنـاوی خائینـان و خۆفرۆشـان دادەکەوێنـێ. ئەو دەستە پیسـانەی کە لە شـەهیدکرانی پـارێزەرانی شـەرەف و کەرامەتـی گەلەکەمانـدا بەشـداریان کـردوە بە دەسـتی بە هێـزی ڕێبـوارانی ڕێگـای شـەهیدان قرتـاون و تـۆڵەی خـوێنی بە نـاحەق ڕژاوی شەهیدان لە دڵی دانەدانەی خەڵکی بە شەرەفی گەلەکەمـان دا بلێسە دەستێنێت و ئـاگرەکەی لە گیـانی دوژمنـانی گەل بەر دەبێـت. هەر چەنـد شەهید کـران و کەوتـنە سـەر عەرزی تەرمـی پیـرۆزی هەر قارەمـانێکی مەیـدانی خەبـات و تێکۆشـان ، داخ وکەسـەرێکی گەورەیە لە سـەر دڵـی گەل وهەڤاڵانی، هەر لەو کاتەدا گڕوتین بە دڵـی شۆڕشگێڕان دەدات و بە ڕژانـی خـوێنی هەر شـەهیدێک حەقـانییەتی زیـاتری کـورد و دوژمنایەتی لە بن نەهاتووی دوژمنانی گەل بۆ هەموو کەس ڕوون دەکـاتەوە. لاوانـی بە ئەمەگ و فیـداکاری کـورد کە بە دڵ و گیـان هەسـت بە زوڵـم و زۆری داگیـرکەران دەکەن و تـامی تـاڵی چەوســـانەوەیان چێشـــتووە، بەو پەڕی لە خۆبـوردوویی‌ەوە ودێـنە ڕیـزی شۆڕشـەوە و لەو پێنـاوەدا لە هـیچ چەشـنە فیـداکارییێک درێغـی ناکەن. یادی سەروەرانی گەلەکەمان وەک یەکێک لە یادگـارە بە نرخەکـانی شۆڕشـی ڕەوای گەلـی کورد، گڕ و تین بە دڵی شۆڕشگێڕان دەبەخشێت و مێـژووی پـڕ لە حەماسـەی ئەو گەلەی پـێ دەنەخشــێنێت. بەڵـــێ ڕۆڵە قارەمانەکـــانی کوردستان کە لەو پەڕی هەژاری و بێ دەرەتـانی لە ژێـر بـاری ستەمی چەنـد قـاتی داگیرکەرانـدا مـــاهییەتی دوژمنـــانی گەلەکەمانیـــان بـــۆ دەرکەوتـووە، هەر چەشـنە ڕەنـج و نـارەحەتیەک لە پێنـاو ئامانجەکانی شۆڕشدا قەبووڵ دەکەن و بە بـێ دوودڵـی دێـنە ڕیزەکـانی شۆڕشـەوە و بـۆ بەرەو پـــێش بردنـــی ئامانجەکـــانی گەل تـــا ســـەرحەدی گیـــان بەخشـــین دەڕۆن و بەو پەڕی ســـەخاوەتەوە گیـــانی پیرۆزیـــان پێشـــکەش بە بارەگـــای گەل دەکەن و دەچـــنە کـــاروانی شـەهیدانی سـوور خەڵاتـی گەلەوە و بە خـوێنی خۆیان سەنەدی حەقانییەتی شۆڕشی گەلـی کورد مـۆڕ دەکەن. یەکێـک لە ڕۆڵە قارەمانەکـانی گەلەکەمان کە لە پێنـاوی ئامانجەکانی شۆڕشی کوردســـتاندا گیـــانی بەخشـــی، شـــەهید عـــارف خزمەتگـــوزار ناســـراو بە عـــارف مەولانەیە.

شـەهید عـارف خزمەتگـوزار کـوڕی مەولان لە ســــــاڵی 1339 ی هەتاویـدا لە ئـاوایی (دەرەتفـێ) مەریوان لە بنەماڵەیەکی هەژار و بێ دەرەتـانی ئەم کوردسـتانە چـاوی بەدنیا هەڵێنا. شەهید عارف لە بەر هەژاری و بێ دەرەتـانی بنەمـاڵەکەی نەیتوانی بچێتە مەدرەسە و ئەویش بە ڕیـزی هەزاران لاوی بـێ سـەوادی ئەم کوردستانە زیـاد بـوو. شـەهید عـارف کە لە بنەماڵەیەکی جوتێر و هەژار بـــوو بە یارمەتیـــدانی بنەماڵەکەی لە کاروباری وەرزێریدا هەر لە منداڵییەوە و لە تەمەنـی 8 ساڵیدا لە کاتێکدا کە هێشتا کرچ و کاڵ بوو قۆڵی بۆ کارکردن هەڵماڵی و دەسـتی بە کـارو کاسـبی کـرد. شـەهید عـارف هەر لە منـداڵییەوە تـاڵی چەوسـاندنەوەی چێشـتبوو چونکە لە سایەی داگیرکەرانەوە هەر لە منداڵییەوە بۆ پەیداکردنی بژێوی بنەماڵەکەی سەرەڕای کاری وەرزێری لەگەڵ براکانی مەجبوور بوو بۆ شارە فارس نشینەکانی ئێران بچێت. دوای ڕوخـانی ڕژێمـی شـایەتی و هـاتنە سـەرکاری ڕژێمـی ئاخونـدان و هەڵایسـانی شـۆڕشـی کوردسـتان ، شـەهید عـارف خزمەتگـوزاریش هەر وەک بـاقی ڕۆڵەکـانی کوردسـتان عیزەتی بزووت و خۆی پێڕانەگیراو لە پـاییزی 1360 دا هـاتە ڕیـزی شۆڕشـی کوردسـتانەوەو ئەوەی لە تونـای دابـوو بـۆ ئەرکی شـۆڕش بە کاری دەهێناو درێغی نەدەکرد.

عـارف کـوڕێکی قسـەخۆش و لە بەردڵان بوو بە دەنگە خۆشەکەی زۆر جـار مەجلیسـی گەرم دادێنـا. پـاش ماوەیەک نێردرایە زینـدانی مەرکەزی سـازمان و بە جـوانی ئەرکەکـانی بەجێ گەیاند.

لە بەهـاری سـاڵی 1368دا نەقڵـی مەڵبەنـدی 1ی سـازمان کـرا و لەو مەڵبەندەشـدا وەک پێشـمەرگەیەکی ئـازاو فیـداکار مەئموورەیەتەکـانی بە جـێ دەگەیانـد بە جۆرێـک کە لە جەولەی سیاســـی نیزامـــی پێشـمەرگەکانی ئەو مەڵبەنـدە لەو سـاڵەدا لە نـاوچەی مەریـوان دەوری باشـی گێـڕاو لە زۆربەی شـەڕەکانی ئەو سـاڵەدا واتە 1368 ئازایـانە بەشداری کرد. بە داخێکی گرانەوە لە شـــەوی 20 لە ســـەر 21/ جـۆزەردان/1369 دا لە کـاتی بە جێ هێنـانی مەئمووریيەتی سازمانی دا مینێکی دوژمن لە پشت ئـاوایی ( نیروان)ی ناوچەی بانە لە ژێر پێـی دا تەقـــیەوە و لەگەڵ هەڤـــاڵێکی قارەمـانی دیـکەی شـەهید بـوون و گیـانی پیرۆزیـــان بـــۆ بەهەشـــتی شەهیدان فڕیی و بە جـووت چـوونە کـاروانی شـەهیدانی کوردسـتان.

هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی شەهید عـارف و هـاوڵانی و هاوبـاوەڕانی شەهیدی.




## ســەروەری گەل شــەهید ڕەحمـــانی کـــۆخی.

دەردی گەلـی کورد، دەردێکە کە ناکرێ کەس تـا سەر هەڵەبێ و لە ڕاستی تێ نەگا، دەردی گەلـی کـورد، چەوسـاندنەوەیە وسـووکایەتیە بە دەست بێگانەوە.نیشتمان داگیرکراوە و داهات بە تـاڵان ڕۆیشتن یان نۆکەری یان دەر بەدەری و تێکەڵی و هاوبەشـی لەگەڵ زۆردار، تـا ئێسـتا بەزیـان لەسەرمان شکاوەتەوە و دەر کەوتووە شەریکایەتی و هاوبەشی لەگەڵ زۆردار ناکرێ، چونکە یاسا و دەسەڵات بەدەست خۆیەتی، چۆنی بە قازانج بێت بای دەدات و بڕیاری خۆی لەسەر ئەڵـێ و دەست بەجێ ئەیهێنێتە جێ، نە ئەتوانێ بڵێ یاسا وانیە و نە دەتوانێ بڵێ ئەوە حەقی منەو حەقی تۆیە. زۆر وابـوو کوڕانی کوردەواری دوای ڕێبـازی کورد خەڵەتێن کەوتوون و بە چوار پێنج قسەی زریوە و جریوە دوای دێ شوێنی کورد پڕژێن کەوتـوون و بەخۆیان نەزانیوە کە بەڵێنی و نۆکەری و ئاڵقە لە گوێی بۆ داگیرکەریان لێ ستاندوون و چاویان بە شەوارە خستوون و لە داویان هاویشتوون. بەڵام ناویان ناوە ڕوناک بیری، دەستەیەک هاتن خۆیان لە کوڕی کورد کردە فریشتەی ڕەحمەت وبەرنامەی ڕزگـاری چەوسـاوە و زەحمەتکێشیان بـۆ دارشـتن، بەڵام ئەوە فێڵێکـی تـازەبوو، بـاری تـازەی گرتە بەر، ئەوانـیش لە بەرەی داگیـرکەرن، هـاتن لە کوڕی کورد بەفێڵ بەشی دوا ڕۆژ بڕ دەن بـۆ لای خۆیان، ئەگەر ڕژێمی تر هاتە سەرکار پایەگایان لە کوردسـتاندا ببـێ، چەوسـاندنەوەی ئەو گەلە بەدەست نەتەوەی ئەوان هەر درێژەی هەبێ. کوڕی کـورد، کە لە دەسـت سـتەمی شـایەتی وە ئەسـتۆ هاتبوو و چەند ساڵ بوو ڕووی ئازادی نەدیبوو بە دەست و پێ بەستراوی چاو ڕاپێچراوی دەژیـا، کە شـا ڕووخـا بە شـادمانیان خەریـک بـوو دوور لە گیانیان شایی مەرگ ببێ، هەرچی دژی شا و ڕژێمی ڕابردوو بوایە خۆشی دەویست و لەگەڵ هەموان ڕوو خۆش و بە قسەی هەموان دڵخۆش بوو، بەڵام هەر وا وردە وردە چاویان گلۆفی، ورد بوونەوە هەیاران خۆ ئێمە کوردین، خاک داگیر کراوین و بەش خوراو ، کـێ دەریـا لووشـەو کـێ هەژدیهـا، ئـێمە هەڵ دەلووشێ کوڕە خۆ ڕەش هەر ڕەشە و ئەمانەش هەر گورگن، لە پێستی مەڕدان، لێمان هاتوونە پێش. زۆر کوری کورد کە بە هۆی پڕوپاگەندی ناراستی هێندیک لایەنی غەیرە کوردی بێگانە بە خواستی ڕەوای گەلەکەی وەداوی ئەو لایەنانە کەوتبوو، زۆر زوو ڕاسـتی و ناڕاسـتیەکانیان بـۆ دە کەوتـن و گەڕانەوە ئامێزی گەرمی کوڕانی کوردەواریەوە کە شەهید ڕەحمان یەکیک لەوانە بوو کە بەگەڕانەوەی بۆ ناو ریزی ڕۆڵکانی سازمانی خەبـات دەی وت : ئۆخەی کە نەمردم و بۆم دەرکەوت کە ئەمانە پاشە ڕۆژ دژی مـن بـوون، شـەرتە بچـمە نـاو ڕیـزی پێشمەرگەی کوردستان. بچمە ناو ڕیزی پێشمەرگەی سازمانی خەباتی خوێناوی. شەهید ڕەحمان خەڵکی ئاوایی نیروانە، و لە سەرەتای ساڵی 1362 دا هاتە ناو ڕێزی پێشمەرگەکانی سازمانی خەبـاتی کوردستانی ئێرانەوە ،تا لە ڕۆژی 11ی جۆزەردانی 1362 دا لە هێـرش بـۆ سـەر دوو پایەگـای یاکوباوا کە هەردوکیان گیران، بەگوللەی دوژمنانی خۆفرۆش دوای قارەمانیەکی بێ وێنە شەهید بوو، لە ڕیزی براکانی دا نەک ڕەفیقی نیوەڕێ.هەزاران سڵاو لە گیـانی پـاکی شەهید ڕەحمـانی کـۆخی و هەموو شەهیدانی کورد و کوردستان.




## سەروەری گەل: شەهید ئەحمەد عەزیزی.

*نووسینی: ماموستا پەژار*

منداڵی کوردەواری کاتێک چاوی بە جیهان هەڵدێنێ و چاو و بیری دەکرێتەوە و لە جیهان ورد دەبێتەوە، دەبینێ ئەو دایک و بابەی کە ئەویان لە ئامێزی دڵسۆزی و خۆشەویستیدا پێگەیاند و زمانی ئەویان پژاند بەزمانێک دەدوێن و فەرمانڕەوایان بە زمانێکی تر دەدوێ. دەبینێ کە کەس و عەشرەت و هاوسێ نزیک و دووری بەرگێک دەپۆشن وفەرمانڕەوا بەرگێکی تر دەپۆشێ. دەبینێ فەرمانڕەوا ناشارەزایە لە نیشتمان و ئاوەدانی و کەژو کێوی، بێ ڕێنوێنی کەس و هاوسێکانی سەرەندەر ناکاو هەڕە لە بڕەی ناکاتەوە و هەنگاو ڕێ دەر ناکا، بیر دەکاتەوە و دەکەوێتە پرسیار ،چیە هەر چی بە زمانی ئەو دەدوێ ژێر دەستن و خاوەن زمانی تر فەرمانڕەوا، چیە هەرچی زمانی ئەوی زانی دەبێ بەڕێوە ببرێ و داژداری بکرێ، چیە ژێر دەستی و نزمی و پەستی بە باڵای بڕاوە. هەر دێ و منداڵی کورد بیر دەکاتەوە، هەیاران چیە کەس وکاری ئەو نەتەوە و ڕەگەزی ئەو چ کەمایەتیکیان هەیە کە زمانیان بۆ فەرمان پێدان ناشێ و بەرگیان هەر شیاوی نۆکەری و ژێر چەپۆکەییە. بڵێی هەر خودا وای دروست کردبن کە چارەنووسیان بە دەست ئەمو ئەو بێ. هەر دێ و لەم بیرەدا پێ هەڵدەچێ و گڕی لە دڵی دا سەر یەک دەکەون. بە تایبەت کاتێک کە دەچێتە قوتابخانە دەبینێ دەرسی پێ دەڵێن کە فێر بێ وچ فێر بێ وبە چ زمانێک فێر بێ، ئەوە فێر بێ کەنایزانێ. ئایا لەو شتە نارەوایە ئایا ئەو کارە نەزانانەیە؟ چۆن لە نەزاندراو زانین وەدی دێ ؟ چۆن لە تێ نەگەیشتن تێ گەیشتن دروست دەبێ؟ لە دوو جەهل و نەزانین چ وەدی دێ؟ جوێ لە مانەوە لە نەزانیندا، ئایا لەو نەزانینی کە نەزاندراوە، کاتێ منداڵ دەکەوێتە ئەو گێژاوەوە کە بە قریوە وجریوە لە گەلی دەدوێن دەڵێ ڕەنگە ئەمە زمانێکی دیکە بێ و ئەگەر هێندەێ هاوسێ و هەڤاڵانی گاڵتەوکایە نەبینێ وا دەزانێ کەوتۆتە ناو خێڵێکی جیاوازەوە و خەریکە خودار ببێ ناردویانە بخوێنێ و بەڵام هەر لە سەری لوور دەمێنێ، ئاهێکی بەوەیە کە وێنەی مەل و زیندەوار دەبینێ ، هێندێ ئەوان دەبینێ و لە دڵی خۆیدا دەڵێ خۆزگەم بە دوێنێ، منداڵی کورد دەکەوێتە تەلسیمەوە کە بێ تێگەیشتن فێر ببێ وردە وردە دەزانێ کە وەک فەرمانڕەوا دەبێ لە لاوە ڕابێ دەبێ زمانی فێربونیش لە لاوە ڕابێ. ئاە کەس چارەنووس و خاک و داهاتی لێ داگیر نەکا. بەڵام داگیرکەران چاویان لە ڕاست ئەو حەقیقەتە کوێرە. ڕژێمی خومەینی کە لافی ئیسلامی لێ دەدا ،خومەینی کە خۆی بەرابەری مستەزعەف و چەوساوانی جیهان دادەنا مافی میللەتانی ئێرانی پێشێل کردووە. کەی ڕەوای میللەتی کوردە، لە سەر داوای حەقی خودادای وەک دوژمنی دینی و خوێنی ڕەفتاری لەگەڵ بکرێ. ڕژیمی ئاخوندی خەباتگێڕانی کوردستان بە دوژمنی شۆڕشی ئیسلامی و بە دژمنی ئیسلامی دەزانێ و لەگەڵ ئەسیرەکانی کە لەگەلی کوردیان دەگرێ، بەبێ دەرمان دەهێڵێتەوە تاکرم لێیان دەداو دەمرن. جوان و گەنجانی کوردستان کە دەکەونە بەر دەستی بە سزای نارەوا، ئیعدامیان بەسەردا دەسەپێنێ. دیلان لە ناو دەبا. دوای ئەشکەنجەو ئازاری زۆر و درێژخایەن بێ ئەوە بیرکاتەوە. ئەوانەی کە ئەو لە گەلی کوردیان بە دیل دەگرێ، کوڕی کوردن و خاوەنی ئەو نیشتمانەن. کە ناوی کوردستانەو دژمنی داگیرکەر کە هێرشی ستەمگەرانەی هێناوەتە سەر کوردستان و ئەو دیلانەی لەبەر دەرکی خۆیان و لەسەر خاکی خۆیان گیراون و بەدەستی دەستدرێژکارانی چاوچنۆکی ڕەگەزپەرەست. بیر ناکەنەوە لە دین لە یاسای نێونەتەوەیی، نە ویژدان ودەروون، کە داخۆ تەجاوزکار شیاوی سزایە یان ستەم لێکراو ؟ داخۆ کورد ستەمگەرە کە دیفاع لە نیشتمانی خۆی دەکا یان ئەوانەی کە هێرشیان بۆ سەر کوردستان هێناوە؟ بەڵام کوا دزو چەتە بەزەیی هەیە؟کوا ئەوانەی کە دڵیان بە گوناە وتەعدا وکوشتار ڕەش بووە لە ماوەی ساڵانی ڕابردوو بەدوای شۆڕشی گەلانی ئێران دژ بە ڕژێمی شادا، ڕژێمی ئاخوندی سەدان دیلی لە هێزە خەباتکارەکانی کوردستان گرتووە و دوای ماوەیەک ئیعدامی کردوون. ئەمڕۆ بۆ وێنە لە سەدان دیلی کورد کە بەدەستی ڕژێمی سەرەڕۆی خومەینی ئیعدام کراون باسی شەهیدێکی سابیرو پایەداری سازمانی خەبات دەکەین کە لە ئەشکەنجەو عەزاب دا سەری بۆ دژمن دانەنواند تا گیانی بەرزی فڕی بۆ بەهەشت، بەهەشتی شەهیدان، لە کاتێکدا کە سازمانی خەبات یەک دیلی دژمنی بە سزای ئیعدام نەگەیاندووە. دەبا خەڵک لە نارەوایی ڕژێمی ئاخوندی ولە حەقانییەتی خەباتی گەلی کورد حاڵی ببن...

یەکەم شەهیدی نەمر کە بە بریندارى گیرا و لە زیندانی دژمنداو بێ دەرمان و تیمار، گیانی بە پەروەردگاری شەهیدان سپارد،ئەحمەدی عەزیزییە کە لە دەوری دێی ئارمردەی ناوچەی بانە دەکەوێتە داوی دژمنەوە و بریندارى دەکەن و بێتیمار دەمرێ. شەهید ئەحمەدی عەزیزی کوڕی صالح لە نێوانی ساڵەکانی (1306 تا 1307)ی کۆچی خۆری لەدێی دارێنەی خواروی بانە لە بنەماڵەیەکی وەرزێر لە دایک بوو. شەهید ئەحمەد تەمەنی منداڵی و لاوی لە دێی دارینەو لە دەوروبەری گوزەراند. پاشان ڕووی کردەشاری بانەو لەوێ بەکرێکاری ژیانی خۆی و خێزانی دەبردە سەر. شەهید ئەحمەد کرێکارێکی دەست هەڵێن و لێهاتوو و ئازاو بێ منەت بوو. ئەمانەت و پاکی لە ناو چاوی دەباری. شەهید ئەحمەد هەستی بە ستەمی نارەوای نەتەوایەتی کە لە سەر شانی گەل بوو، دەکرد بۆیە لە بەهاری ساڵی (1358) دا هاتە ناو ڕیزی پێشمەرگایەتی و لەگەڵ هاوباوەڕانی سازمانی خەبات، ئامادەی فیداکاری لە ڕێی گەل و نیشتمان دابوو. شەهید ئەحمەد لە شەڕەکانی ڕۆژی جێژنی قوربانی ساڵی (1358)ولە شەڕەکانی بەهاری 59ی شاری بانە قارەمانانە هاوبەش بوو. شەهید ئەحمەد دوای شەڕی پادگانی بانە ڕووی کردە شارۆچکەی ئارمردە کە ماڵ و خێزانی بە ئاوارەیی لەوێ بوون. هێزی ڕژێم لە سەرەتای جۆزەرداندا هێرش دەباتە سەر ئارمردەو دەوروبەری و ژمارەیەک لە خانووەکانی ئەو شارۆچکەیە ئاگر تێ بەردەدات، شەهید ئەحمەد وەک پێشمەرگە بە پێی توانا لە بەرانبەر دوژمندا دەوێستێ بە مەبەستی دیفاع و بەربەرەکانی، لە دێ ڕوو دەکەن بۆ بەرزاییەکانی دەروبەر بێ ئاگا لەوەی کە جاشی خۆفرۆش لە هێندێک لە بەرزاییەکانی دەوری ئاوایی دابەزیون، شەهید ئەحمەد ڕوو دەکاتە یەکێک لە بەرزاییەکان و چەکداری کورد دەبینێ و تەقەی لێ دەکەن و بریندارى دەکەن و بە بریندارى دەیخەنە ساردخانەوە، بەڵام چەند ڕۆژێک هەر زیندوو دەبێت تا ئافرەتێکی کوردی پەرستار هاوار دەکا کە ئەو بێچارە زیندووە و دەیهێننە دەرێ و بەرەو شاری مەراغە بەڕێی دەکەن بێ ئەوەی تیماری برینی بکەن. ئەوانەی شەهید ئەحمەدیان بە بریندارى لەو ماوەدا دیبوو دەیگێڕنەوە کە ئەو مرۆڤە پاکە، کرم لە لەشی دەداو لە ژێر سێبەری ئیمامی ئومەت، بە زەلیلی و بێ ئەوە پێیڕابگەن، دوای ماوەی 20 ڕۆژ لە کەنەفتی و بێ کەسی گیانی بەرزی دەفڕێ بۆ بەهەشتی شەهیدان و تەرمی پیرۆزی بێگومان دوای مەرگی بەڕێزتر ناگیرێ لە کاتی بریندارى.

## پاشماوەی: ڕووناکبیران و نوسەرانی بی هەڵوێست ....

هێزی تۆکمە لە بناغەیێکی بە هێزدایە، جوڵانەوەی مافخوزانەی کوردو ڕێبەرانی، ناشیرین نابن بە ڕەخنە لێگرتن بەڵکو بە تەعریف و پێداهەڵگوتنی بێ بنەمای بە ناو ڕۆشنبیرانی تەزیوی لاپەسیو، ئامانجی پیرۆزیان بە لاڕێدا دەبرێ و درەنگ دەگاتە ئامانج. پێشنهادم بۆ دۆستان و ئەندامان و هۆگرانی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران ئەوەیە کە لە بەرانبەر هەر جۆرە ڕەخنەیێکدا بە گیانی بەرپرسانەو غەمخۆرانە هەڵوێست بگرن و خۆیان دوور بگرن لە زمانی زبر چونکە ڕەخنە قەبوڵ کردن بە هێزمان دەکات، زۆر بە هێزتر لە مانۆڕی گاڵتەجاڕانەو خۆ گیف کردنەوەی بێ ڕیشە. خانو لە سەر زیخ و چەوی قەراغ ڕوبارو دەریا دروست بکرێ، دەکەوێتە بەرلافاو لە ئاکامدا ڕۆدەچێ ودەڕوخێ، کەوایە بەکۆڵەکە بەردانی دیوارەکانی و هەر هەوڵێک، ناتواندرێ خانوی بنیادنراو لە سەر لم و زیخی کەناری ڕوبارو دەریا لە ڕوخان ڕزگار بکرێ.

# ڕۆڵی ژنان لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی ئاخوندی دا.

*جەعفەر بەهرامی*



ژنان نیوەی کۆمەڵگەن بەڵام بەردەوام هەوڵ دراوە بۆ کەم ڕەنگ کردنەوەی ڕۆڵ و نەقشی ئەو توێژە گرینگە لە کاروباری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی دا. هەر چەند ئەم هەڵسوکەوتانە لە حاست ژنان لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی دیکە جیابووە، بەڵام ئەوندە روونە لە هەموو کۆمەڵگای مرۆڤایەتی هەتا پێش ئاڵووگۆڕە ئابووریەکان و بەتایبەت ڕێنسانس لە ئوروپا و ئەمریکا ژنان بە شێوەیەکی بێ بەزەییانە تووشی چەوسانەوەو بێ مافی دەبوون. ژنان لەلایەن تاجرەکان و دەڵاڵەکان و کەسانی هەلپەرەست ئاڵوگۆڕ و کڕین و فرۆشتنیان پێوە کراوە و وەکوو کۆیلە و بوونەوەیەرێکی بێ ماف کەڵکیان لێ وەرگرتوون. لە دوای پێشکەوتنی پیشەسازی و ڕێنسانس لە وەڵاتانی ڕۆژئاوایی، وردە وردە ژنان واریدی کەرتی ئابووری بوون و لە دوای ئەوەش ڕێگەیان بۆ بەشی سیاسی و کۆمەڵایەتی پێ درا و توانیان بە هەوڵ و ماندووبوونی زۆر کاریگەری لەسەر کۆی پرس و بابەتەکان دروست کەن و مافە زەتکراوەکانیان قۆناغ بە قۆناغ بەدەست بێنن. لە ئێستاشدا وەک هەموو لایەک شاهیدن ئەو پێشکەوتووییانەی وەدەست هاتوون بوونە هۆی ئەوەی ژنان لە بڕیارە چارەنووسسازەکانی وەڵاتان دەور بگێڕن و لە چەندین وەڵات نەقشی ڕێبەرایەتی کردنیان وەئەستۆ گرتووەو مێژوویەکی زێڕینیان تۆمار کردووە. ئەوەی مەبەستی بابەتەکەی منە ئەوەیە کە هێشتاش لە هەندێک لە وڵاتانی ئاسیایی و بەتایبەت ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بێ مافی و چەوسانەوەی ژنان بەشێوەیەکی بەرچاو لە ئارادایە، لە وەڵاتانی ئەفغانسان، پاکستان و ئێران ڕەگەزی مێینە لەگەڵ چەندین دیاردەی هەژێنەری وەک بەزۆر بە شوودان، گەورە بە بچووک و ژن بە ژنە دەبنەوە یان ئەوەی کە لە تەمەنی ژێر پازدە ساڵ لە بازارە تایبەتەکاندا سەودایان پێوە دەکرێ.

لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی ئاخونداندا ژنان وەکوو کەرەستەیەک بۆ خزمەتی پیاو چاوی لێدەکرێ، بەپێی قانوونی ئەو دەسەڵاتە دوو ژن بە یەک پیاو حیساب دەکرێت. ژنان ناتوانن لە بڕیاری سیاسی وەڵاتدا دەوریان هەبێ و بەگشتی ئاخونداان ژن بە بوونەوەرێکی نوقستان کە توانای بڕیاردانی لە هیچ بارێکدا نیە، پێناسە دەکەن. ئەو خوێندنەوە نا ئینسانیەی ئاخوندانی دواکەوتوو لە حاست ژنان دۆخێکی بۆ ژنان خولقاندووە کە ئەو توێژە گرینگەی کۆمەڵگەی ئێران زیاتر لە هەر سەردەمێکی دیکە تووشی گرفت و تەنگ و چەڵەمەی جیددی بن، ئەوەش کارێکی کردووە لە خەسارە کۆمەڵایەتیەکاندا ئافرەتان بەرزترین پلە تۆمار بکەن. بۆ وێنە ئاماری خۆکوژی ژنان لە ئێران و کوردستان تا دێ زیاتر دەبێ. کەم ڕۆژ هەیە هەواڵ و ڕاپۆرتی تایبەت بە خۆکوژی ژنان لە شار و ناوچە جیاجیاکان نەبیستین.هاوتەریب لەگەڵ چەوسانەوەی سیستماتیکی دەسەڵاتی زاڵ بە سەر ئێران، بەداخەوە کەلتووری پیاو سالاری و بە سوننەتی هێشتنەوەی کۆمەڵگەی ئێران، بارگرانی زیاتری بۆ ژنان ساز کردووە. وەک دەبینین دۆخی ژنان لە کۆمەڵگەی ئێران بەردەوام قەیراناوی، ناخۆش و حەستەمتر دەبێ.هەر بۆیە باشترین ڕێگە بۆ دەربازبوون لە کۆی قەیرانەکان و بەتایبەت قەیرانی سیاسی و دەسەڵاتی ئاخوندان لە ئێران کە سەرچاوەی زۆربەی کێشە و قەیرانەکانە، پێویستە ژنانی ئێران و کوردستان هاوشان لەگەڵ چین و توێژەکانی دیکە لە خەبات بۆ ڕوخانی ڕژێمی ئاخوندان، هاتنەدیی فەزایەکی ئازاد، دەسەڵاتێکی دادپەروەر و یەکسانیخواز دەوری خۆیان بگێڕن.

# دەوری ژنان لە چالاکیە مەدەنی و سیاسیەکان، لە کوردستان دا.

*ئامادەکردن و نووسینی: فرمێسک ڕەزایی*

لە مێژە ژنان لەکوردستانی ئێران وێڕای چەوسانەوەیان لەلایەن کۆمەڵگە و لەوە خراپتر سەرکوتی لەڕادەبەدەریان بەهۆی یاسای ڕژێمی ئێران، قەت ئەرکەکانی خۆیان وەکو مرۆڤێک لە بیر نەچوەتەوە و تەنانەت سەرەڕای ئەوەی هەوڵیان داوە بۆ وەرگرتنی مافە ڕەواکانی خۆیان، مافی ژینگە و ئاژەڵ و تەنانەت پیاوانیان پاراستووە و لەم ڕێگایەشدا قوربانیان داوە وگیانی خۆیانیان خستووەتە مەترسیەوە.ئەو وێنە و کورتە ڤیدیۆیانەی کە لە تۆڕەکۆمەڵایەتیەکاندا بڵاو دەبنەوە، ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێ کە ژنان چەندە بەهێزو چەندە خۆڕاگرن.هەمووموان ئاگادارین کە ژنان لە دونیای ڕاستەقینەدا بە هەموو ئەم کۆسپانەی لە ڕێگایاندا هەیە بەڵام هەر ماندوونەناسانە لە هەوڵی پاراستنی خاک و نەتەوەدان.بەندیخانەکانی ڕژیمی ئاخوندی لە ژنانی چالاک و خەمخۆری کوردستان پڕ بووە. کەم کەس هەیە نەزانێت ئەشکەنجەکان لە ئاستی ژنان چەندە نامرۆڤانەیە، بەڵام ژنانی نەبەزی کوردستان خۆڕاگرتر لە هەمیشە بوون. لە مێژە ژنانی کوردستان خۆیان بە ڕەگەزی خوارتر و دوهەم نازانن هەربۆیەش لەهەموو خۆپیشاندانەکان لە پێشەوەی جەماوەر بوون. ڕەنگەهەمووان بزانن لەو کاتەوە کە کۆڕۆنا وەک هەموو جیهان، ئێران و کوردستانیشی



گرتووەتەوە و ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر تەشەنە دەستێنێ ، ژنان کۆڵان بە کۆڵان وڵاتیان خاوێن کردووەتەوە، ئەو ژنانە کە زۆربەیان ئاستی خوێندنی باڵایان هەیە، بە پێکهێنانی کەمپەین و پەرەپێدانی یەکگرتویی لەنێوان چینی لاوان و خوێندکارانی کۆمەڵگە هەوڵیان داوە بۆ پاراستنی گیانی هاووڵاتیان، هەروەها خەمخۆری ئەو هاووڵاتیانە بوون کە بەهۆی کۆڕۆناوە باری ئابوریان لە دۆخێکی نالەباردا بووە. ڕژیم بێبەزەییانە ئاگری بەرداوەتە سروشت و دارستانەکانی کوردستان، لێرەشدا ژنان بەهەموو توانایانەوە دەست بەکاربوون و شان بە شانی پیاوان دەستیان کردووە بە کوژاندنەوە و پاراستنی ژینگە و دارستانەکانی کوردستان.ژنان لەئێران و کوردستان بەتایبەتی زیاتر لە هەر چینێکی تری ئەو وڵاتە، هەست بە چەوساندنەوە دەکەن، ئەوان دەزانن خۆکوژی کچێکی تەمەن شازدە ساڵە بۆچیە؟ دەزانن کوژرانی ژنێکی خاوەن دوومنداڵ بەدەستی پیاوەکەی چ هەستێکی هەیە، دەزانن کاتێک ژنێک تەنیا بەتاوانی ئەوەی لەخۆی ومافەکانی بەرگری کردووە و لەلایەن ڕژێمەوە بێڕێزی پێ دەکرێ و لە بەندیخانە دەکرێ، چ هەستێکی هەیە، هەربۆیەش زیاتر لە هەریەک لە پێکهاتەکانی تری کۆمەڵگە هەست بە ئازارەکان دەکەن و ناتوانن بێ هەڵوێست بن.ژنانی قارەمانی کوردستان لەم ماوەدا بەگیان و دڵ چونە هانای ئەو کۆڵبەرانەی کە لەلایەن هێزە ئەمنیەتیەکانی ڕژێمەوە تەقەیان لێ دەکرا،ئەمانەش شتگەلێکی نوێ نین، ئەم ژنانە پەروەردەی دەستی دایکانێکن کە کاتێک پێشمەرگە لەشاخ بو، لە نانی خۆیان و بنەماڵەیان دەگێڕاوە بۆوەی نان بگاتە دەستی پێشمەرگە قارەمانەکان .بێگومان جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد بۆ گەیشتن بە ئامانجە پیرۆزەکانی، پێویستی بەم ژنانەیە و هەر ئەم ژنانەن کە ڕێبەران و کەسانی هەڵکەوتویان پەروەردە کردووە.



# پیرۆز بێ یادی ٣٥ ساڵەی رادیۆ دەنگی خەباتی کوردستانی ئێران

لە ٣٠ی جۆزەردانی ساڵی 1364 کۆچی خۆری لە ئاکامی هەوڵ و ماندوبوونێکی زۆری ڕێبەرایەتی سازمانی خەبات ، رادیۆ دەنگی خەباتی کوردستانی ئێران، دامەزراو دەستی بە بڵاوکردنەوەی بەرنامە ئەزمونیەکانی کرد. دەنگێک کە بە تەتەری خۆش خەبەری شەپۆلەکانی هەوادا گەیشتە گوێی هاونیشتمانانینی تامەزرۆی دەنگی راستەقینەی خەبات و بەرخودانی کورد لە کوردستان دا .ئەو دەنگە هەر لە یەکەم ساتەکانی بیستنیەوە، بۆ بە نەوا و میلۆدی و مایەی حەسانەوەی وەرزێر و خویندکار و خاوەن پیشە و گشت چین و تویژەکانی کوردەواری لە بەشێکی بەرینی کوردستان و باقی ناوچە دورە دەستەکانی بندەستی رژیمی دژی ئازادی ئاخواندی لە ئێران دا. دەست بە کار بوونی رادیۆ دەنگی خەباتی کوردستانی ئێران، لە هەلو مەرجێکدا بوو کە جوڵانەوی شۆڕشگێرانەی سیاسی و چەکداری خەڵکی کوردستان لە بەرانبەر هێزە داگیرکەرەکانی دەسەڵاتی ملهوری ویلایەتی فقیە دا، بە شێوەێکی شێلگیرانە لە هەموو ناچەکانی کوردستانی ئێران چالاکانە لە ئارادا بوو. ئا لەو هەلومەرجەدا دەست بە کار بوونی رادیۆ دەنگی خەبات ی کوردستانی ئێران بووبە هاندەرەێکی مەعنەوی گەورە بۆ خەڵکی کوردستان و رێبوارانی رێبازی سازمانی خەبات و تێکرای تێکۆشەرانی رێگەی رزگاری. دەنگی خەباتی کوردستان نە تەنیا بۆ هۆگران و رێبوارانی رێبازی سازمانی خەباتی کوردستان، بەڵکو بۆ تێکرای ئەو تێکۆشەرە ئازادیخوازانەی لە خەبات و تیکۆشن دا بوون ، دەورێکی کاریگەر و گرینگی بینی کە تا ئیستاش ئەوانەی لەو سەردەمەدا گوێیان لە بەرنامەکانی رادیۆ دەنگی خەبات رادەگرت، باس لە لایەنەکانی زمانەوانی کوردیی و بابەتی سیاسی و ئەدەبی و کۆمەلایەتی ئەو بەرنامانە دەکەن و دەنگی خەباتی کوردستان بە یەکێک لە رەسەنترن دەنگەکان و سەرکەوتوترین رادیۆ کوردیەکان لەو سەردەمە دا ناو دەهێنن.

دەنگی خەباتی کوردستان جیاواز لە بەرنامەی سیاسی و ووتار و لێکدانەوی روداوەکانی رۆژانەو بڵاو کردنەوەی چالاکی پێشمەرگە قارەمانەکانی سازمانی خەبات، چەندین بەرنامەی هەمەرەنگ و بە کەڵکی هەبوو، وەک بەرنامەی گۆشەی پێشمەرگە کە بە سەرهاتی پێشمەرگە قارەمانەکان و رێنوینی کار کردن و بابەتی تایبەت بە پێشمەرگەی بە گوێی هۆگرانی دەگەیاند. هەروەها بەرنامەی خەبات و خەڵک کە بەرنامەێکی تایبەت بوو بە بەشدرای هاونیشتمانیان لە خەبات و تیکۆشان دا و شێوەکانی ئەو خەبات و پشتیوانیانەی خەلک بۆ شۆڕش و شۆڕشگێڕانی نیشان دەدا و شرۆڤەی دەکردن. بەرنامەی وەڵامی نامەکان کە تایبەت بوو بە وڵام دانەوەی نامە و داخوازیەکانی گوێگران، و هەورەها بەرنامەی ئەدەبی کە بەرنامەێکی حەوتوانەی پڕ بیسەر و بە ناوەرۆک و خاوەن گوێگری تامەزرۆی ئەدەبی کوردی بوو و هەروەها چندین بەرنامەی تری وەک ئایینی و کۆمەڵایەتی بە گوێی گوێگران و هاونیشتمانیان دەگەیاند. بێگومان رێبەرایەتی سازمان و کادرە تێکۆشەرەکانی دەنگی خەباتی کوردستان دەوری سەرەکیان لە بەرێوە چوونی کاری دەنگی خەباتی کوردستان لە ماوەی زیاتر لە سێ دەیە کار کردنیدا گێراوە.ئەو کادر و بەرێوەبەر و بەر پرسانەی کە لەم دەستگایەدا بێ پسانەوە و ماندویی نەناسانە کاریان کردوە، هەر کام بە نۆرەی خۆیان لە راپەڕاندنی ئەرکە پێسپێردراوەکانیان دا بەو پەڕی ورد بینی و دڵگەرمیەوە لە پێناو خزمەت بە بواری راگەیاندن و زانیاری دان بە جەماوەر و خزمەت بە




فەرهەنگ و ئەدەبیاتی نەتەوایەتیمان و پەرەپێدانی ئەدەبی شۆڕشگێڕی و ناساندنی بیر و باوەری کوردایەتی لەسەر رێبازی سازمانی خەبات دا، دڵسۆزانە لە هەوڵ و تیکۆشانی بێوچاندا بوون.

لێرەدا جێگای خۆیەتی کە ئەو ڕاستیە بخەینەوە ڕوو کە دەور و هەوڵی لە رادەبەدەری ماموستا سەیید جەلال حوسەینی دامەزرێنەری سازمان و، چەند کەس لە بەریرسان و کادرانی ئەودەمی سازمان، دەوری سەرەکیان لە دامەزراندن و بەرێوە چوونی سەرکەوتوانەی رادیۆ دەنگی خەباتی کوردستان، دەنگی حەق بێژی خەباتگێڕانی خەباتی نەتەوایەتی و نیشتمانی و شۆڕشگێری کوردیان گێراوە.

لە یادی ٣٥ ساڵی ئەم رادیۆ یەدا پیرۆزبایی بە تێکرای چین و توێژەکانی کوردەواری، هۆگرانی ئەم دەنگە دەڵێین و هیوا دەخوازین کە لە سەردەمی ئێستا دا ئەم دەنگە بە شێوازی سەردەمیانە و پێشکەوتوانە، درێژە بە ئەرک و راسیاردەکانی خۆی بدا و بە پێی توان خزمەت بە بواری راگەیاندن و فەرهەنگ و ئەدەبیاتی رەسەنی کوردی بکا و لە گەیاندنی زانیاری بە سوود بە هۆگر و گوێگرانی و، لە قاودانی پلان و بەرنامە شووم و ترۆریستیەکانی رژیمی ئاخوندی و نەیاران و دژمنانی نەتەوەکەمان هەروا لە کار و بەکار و دەنگ دلێر و بوێر بچێتە پێش.

پیرۆز بێ یاد و بیرەوەری ٣٥ ساڵەی،٣٠ جۆزەردانی ساڵی هەزار و سێسەد و شەست و چواری کۆچی خۆری، ساڵرۆژی دامەزراندنی دەنگی خەباتی کوردستانی ئێران.

ناوەندی راگەیاندنی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران ٣٠ی جۆزەردانی 1399 کۆچی خۆری.

## کوردایەتی یان خەباتی ئیدئۆلۆژی؟

عەلی بەهرامی



کوردستانی رۆژهەلات لە ئیدولۆژی، دین و مەزهەب، چین و توویژی جیاجیا پێکهاتووە. ئەم پێکهاتانەش هەر لە کۆنەوە بەبێ کێشە و بەریەککەوتنێکی ئەوتۆ و بەشێوەی ئاشتیانە توانیویانە پێکەوە بژین. هەموو ئەم پێکهاتە فکریانە هاوکات خاوەن پرسێکی هاوبەش بوون، کە ئەویش پرسی خاک داگیرکراوی و ژێردەستەیی نەتەوەیی بووە. لەپێناو چارەسەری پرسە نەتەوەییەکەیان لە باکوور بۆ باشووری کوردستانی ئێران خەبات و راپەرین دژ بە رژیمە داگیرکەرەکان هاتۆتەئاراوەو لەو خەباتەدا لە بەشێک یان چەند بەشی پێکهاتەی ئەو ناوچانە چەخماخەی راپەرین لێدراوە، خەڵک بۆ رزگاری نەتەوەکەیان خەباتیان کردووە هەندێ قۆناغیش خەباتێکی سەرتاسەری لە کوردستاندا هاتۆتە ئاراوە کە پانتاییەکی زۆری کوردستانی ئێرانی لەخۆ گرتووە.ئەوەی جێی تێرامان و پرسیارە ئەوەیە کە بۆچی خەباتی نەتەوەیی لە کوردستاندا نەیتوانیوە یەکگرتوو بێ و تا ئێستا بە ئەنجامێک نەگەیشتووە؟ ئەوەی روونە ئامانجی رزگاری و وەدیهاتنی مافە نەتەوەییەکانی کورد لە کۆی شۆرش و راپەرینەکانی رابردووی نەتەوەی کورددا ئامانجی سەرەکی بووە، بەڵام گرفتێک و بەربەستێک ئەوە بوە کە هەر پێکهاتەیەک، لە راونگە فکری و دینی و مەزهەبیەکەی خۆیەوە سەیری بابەت و پرسە نەتەوەییەکەی کردووەو بۆی تێکۆشاوە. بۆ وێنە خاوەن باوەرێکی ئیسلامی لە روانگەی خۆیەوە سەیری پرسە نەتەوەییەکەی کردووە. یان کمونیستێکی کورد لە سۆنگەی فکرەکەی خۆیەوە هەنگاوی ناوە. ئەو جۆرە خوێندنەوانە هۆیەک بوون بۆ دابەش بوونی تواناو هێزی خەباتکارەکانی کوردستان و لەگەڵ ئەوەی هەموو ئەو پێکهاتە و رەوتانە باسیان لە پرسە

نەتەوەییەکە کردووە، بەڵام بابەتە فکری و دینی و مەزهەبییەکان ئەگەر بۆ قۆناغێکیش بووبێ تووشی بەریەککەوتن و شەر و کێشە بوون و رێگەی لە دروستبوونی خەت و هێڵێکی پانی نەتەوەیی گرتووە و ئەوەش زۆرجار هەلەکانی لە کیس داوە.بۆ سەلماندنی ئەو راستیە، خەباتی 40 ساڵی بزوتنەوەی کوردستان باشترین بەڵگە و فاکتە. خەباتێک لە نێو جەرگەی کۆمەڵگەوە هەڵدەقوڵێ بەڵام زاڵکردن و تێکەڵکردنی بابەتە فکری و ئیدۆلۆژیەکان لەبەر یەکی هەڵدەتەکێنێ و خەڵکی تامەزرۆی رزگاری و سەربەستی ی کوردستانیش تووش جۆرێک لە بێ متمانەیی و دوورەپەرێزی دەکا.ئەوە هاوکات بوو لەگەڵ ئەوەی رژێمی دەسەڵاتداری تاران کە بە ناوی دین و مەزهەبی دواکەوتوو، جڵەوی دەسەڵاتی گرتبووە دەست و هەوڵی دەدا بە کەڵک وەرگرتن لە بابەتە دینی و مەزهەبیەکان بەشێکی بەرچاو لە خەڵکی کوردستان بۆ لای خۆی راکێشێ یان لانیکەم لە راست بزوتنەوەی رزگاریخوازی و ئازادیخوازی کوردستان شوبهە و گومانیان لا دروست بکات.لەلایەکی دیکەوە لەدوای روخانی رژیمی سەدام حوسێن لە عێراق و سەلماندنی مافە نەتەوەییەکانی کورد لە دەستووریی هەمیشە عێراق و ئیعتراف بە قەوارەی هەرێمی کوردستان هەستی نەتەوەیی لە کوردستانی ئێران لە هەر قۆناغێکی دیکە زیاتر پەرەی سەند و بابەتە فکری و ئیدۆلۆژیەکان خرانە پەراوێزەوە یان لانی کەم ئەو رەنگ و بۆنەی رابردووی نەمابوو. لەو سۆنگەوەو بە هەست کردن بە واقعیاتی کۆمەڵگە و ویستی بنەڕەتی نەتەوەی کورد و خوێندنەوە بۆ زەروورەتەکانی بزوتنەوەی کوردستان و رێگەکانی زووتر بە ئەنجام و ئاکام گەیشتنی خەباتی نەتەوەیی کورد، سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران لە کۆنگرەی سێهەمی خۆیدا، پێداچوونەوەی بەسەرکۆی خەت و بەرنامەکانی خۆیدا کرد و پێناسەی نەتەوەیی و نیشتمانی و وەک فکر و ئیدۆلۆژی لەسەر ئەساسی باوەرمەند بوون بە بنەماکانی ئازادی و دیموکراسی بریاری درێژەپێدانی خەبات و شۆرشی لە کوردستاندا پەسەند کرد.بەڵام بۆچی وەک هێزێکی نەتەوەیی و نیشتمانی؟ سازمانی خەبات پێی وایە دەکرێ

لەسەر خەت و رێبازی نەتەوەیی و نیشتمانی تێکڕای پێکهاتە فکری و دینی و مەزهەبی و غەیرەمەزهەبیەکان لە پێناو پرسە نەتەوەییەکە رێک بخرێن و گرینگی دان بە دین، مەزهەب، پێکهاتە و ناوچەیەکی تایبەت و کۆی پێکهاتە و ناوچەکان لە راستای پرسە نەتەوەیی و نیشتمانیەکان لە یەک ریز و سەنگەردا سازماندەیی بکرێن. هاوکات هەموو دانیشتوانی ئەو نیشتمانەی ئێمە بۆ رزگاربوونی تێدەکۆشین، وەک یەک خاوەن ماف بن و لە قانوون و یاسا و رێساکاندا هیچ جیاکاریەک نەکرێ لە راست دانیشتوانی کوردستان.بەپێچەوانەی هێز و لایەنەکانی دیکەی کوردستان کە هەوڵ بۆ گۆرینی کەلتووری کۆمەڵگەی کوردستان دەدەن، سازمانی خەبات پێی وایە ئەرکی ئێمە دروست کردنی فەرهەنگ و کەلتووری یەکتر قەبووڵ کردنە لە نێوان پێکهاتە و چین و توویژە جیاجیاکاندا. هەموو پێکهاتەکانی کوردستان بە مەزهەبی و غەیرە مەزهەبی بەجێی دژایەتی یەکتر کردن و گرژی، بە بێ ئەوەی بێرێزی بەرامبەر بیر و بۆچوون و فکر و ئیدۆلۆژی یەکتر بکەن، پێکەوە بۆ سەقامگیری و دابین کردنی ژیانی ئاشتیانە تێبکۆشن. ئەم هەنگاوە دەتوانێ لە چەند بارەوە خزمەت بە بزوتنەوەی شۆرشگێڕانەی کوردستان بکات. یەکەم ئەوەی کە ئەو ئەزمون و تەجروبە تاڵانەی رابردوو دووبارە نەکرێنەوە، بەجێی بەر یەککەوتن و کێشە ناوخۆییەکان، وزەو پوتانسیەلی هەموو چین و توویژ و پێکهاتەکان یەک بخرێن لە راستای بەهێزکردن و بردنەپێشی پرسە نەتەوەی و نیشتمانیەکان. هەروەها بە پێچەوانەی رابردوو لە قازانج و مەسڵەحەتە نەتەوەیی و نیشتمانیەکانەوە سەیری بابەتە فکری و ئیدۆلۆژیەکان بکرێ.ئەو ئیدۆلۆژیە نەتەوەیی و نیشتمانیەی سازمانی خەبات بۆ خۆی دیاری کردووە، هەموو سنووری شار و ناوچەیەکی بڕیوەو بە پانتایی و بەرینی خاکی کوردستانە، هەربۆیە ئەرکی ئێمە لە ئێستادا قورسترە لە هەر قۆناغێکی دیکەی خەبات کردنەکەمان، چوونکە بیری نەتەوەیی و نیشتمانی وەکوو ئانتی و دژێکە بۆ هەموو ئەو بیر و هزرە نامۆیانەی کۆمەڵگەی کوردستانی تووشی بزرکاندن و دابەشکاری و دوورخستنەوە لە ئەسڵی ئەرک و وەزیفەکانی خۆیان کرد.لەسەر هەموو تاکێکی نەتەوەیی و نیشتمان خۆشەویست و ئازادیخوازە، لە سەرخستن و بە ئەنجام گەیاندنی فکری نەتەوەیی و نیشتمانیدا بەو جۆرەی ئیمکان و توانای هەیە و بۆی دەکرێ هاوکار و پشتیوانی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران بێ بۆ ئەوەی پرسە هابەشەکە کە پرسی نەتەوەییە لە ئێران زووتر بە ئەنجام بگات و لە پاراستن و بردنەپێشی دا هەموان هەست بە بەرپرسایەتی بکەن.

## پەیامی سەرەخۆشی سکرتێری گشتی سازمانی خەبات بە بۆنەی کۆچی دادە عیسمەت موراد خانی




بە داخەوە هەواڵی کۆچی دوایی دادە عیسمەت مورادخانی، دایکی کاک محمود یوسفی پێشمەرگەو کادری دڵسۆزو پێشکەوتوی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێرانم پێگەیشت. دادە عیسمەت یەکێک لەو ئافرەتە دڵسۆزاو غەمخۆرانەی کوردو ڕێبازی سازمانی خەبات و مامۆستا سەید جەلال حوسەینی بوو کە هەموو کات بە دەربڕینی هەستی پاکی، لە ئەرک و کاری پێشمەرگەیی دڵگەرمی دەکردین.بە بۆنەی کۆچی دوایی دادە عیسمەت، بە ناوی خۆم و هۆگرانی ڕێبازی سازمانی خەبات، سەرەخۆشی بە کاک محمود یوسفی و کاک محەممەد ساڵحی هاوژینی و تێکرای ئەندامانی خانەوادەو خزم و دۆستانی ڕادەگەێنم و لە غەم و پەژارەیاندا خۆم بە شەریک دەزانم.

سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران/ سکرتێری گشتی

بابەشێخ حوسەینی

29 ی جۆزەردانی 1399 کۆچی خۆر

## کۆچی دوایی مامی شەهیدێکی سازمانی خەبات لە شاری رەبەت،



حاجی سەید خدری ماوەڵۆیی( خزری)، ڕۆژی دوشەممە ڕێکەوتی 26ی جۆزەردان، بەهۆی نەخۆشیەوە لەشاری ڕەبەتی سەردەشت، کۆچی دوایی کرد. حاجی سەید خدر، مامی شەهیدی قارەمانی سازمانی خەبات، شەهید سەید تاهیر ماوەڵۆیی(خزری)، و هەروەها شەهید سەید تەها ماوەڵۆیی( خزری)، بوو. بە بۆنەی کۆچی سەید خدر پرسەو سەرەخۆشی بە کەس و کار و خزم و دۆستانی دێ ی ماوەڵۆ و ناوچەی ڕەبەت ڕادەگەیەنین و خۆمان بە هاوبەشی غەم و پەژارەیان دەزانین

انا الله و انا الیه راجیعون.

ئادرەس و ژمارە تەلەفونی سازمانی خەبات،ی کوردستانی ئێران

http://www.sazmanixebat.org
www.facebook.com/sazmanixebat
http://www.khabatmedia.com
htt//www.lawan.info
www.facebook.com/lawanixebat
telegram /sazmanixebat
Email: sazmanikhabat@hotmail.com

TEKOSHAN

تەلەفون:
کومیتەی ناوەندی:00964750449738
پێوەندی هەولێر: 009647506487209
پێوەندی سلێمانی: 00964772446499

# دوو کۆبوونەوەی ئۆنلاین ی بەر پرسی ڕێکخستنەکانی دەرەوەی وڵات لە گەڵ ئەندامانـــی سازمان لە ئوروپا




رۆژی شەممە ٢٤ی جۆزەردانی ١٣٩٩ی هەتاوی، لە درێژەی کۆبونەوە تەشکیلاتیەکان ڕێکخستنی دەرەوەی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران کۆبونەوەیەکی ئینتەرنێتی بۆ ژمارەیەک لە ئەندامانی دیار و دڵسۆزی سازمانی خەبات لە وەڵاتانـــی : سوییس، ئوتریش، ئینگلیس، سپانیا، بلژیک، رۆمانی، .هەنگار و یونان ڕێکخست. سەرەتای کۆبوونەوەکە بە دەقیقەیەک بێ دەنگی بۆ گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان بەتایبەت شەهیدانی سوورخەڵاتی سازمانی خەبات و لە سەروویانەوە ڕێبەری دڵسۆز و فیداکاری نەتەوەکەمان مامۆستا سەید جەلالی حوسەینی دەستی پێ کرد کاک ئازادی حوسێنزادە بەرپرسی کۆمیتەی سوییسی سازمان کۆبوونەوەکەی کردەوە و بەرنامەی کۆبوونەوەی بە بەشداربووان ڕاگەیاند. دوا بەدوای کاک ئازاد، عەلی بەهرامی بەرپرسی ڕێکخستنی دەرەوەی سازمانی خەبات باسێکی سیاسی لەسەر دۆخی ئێران، کوردستان و سازمانی خەبات پێشکەش کرد. لە باسەکەی دا کاک عەلی ئیشارەی بە دۆخی کۆمەڵگەی ئێران لە باری هەژاری، دۆخی نوێی کرۆناو بێ بەرنامەیی ڕژێم و بەهانا نەچوونی قوربانیانی ئەو نەخۆشیە مەترسیدارەی کرد و ڕاگەیاند کە ڕژیمی ئێران لە کرۆنا لەلایەک بۆ بێ دەنگ کردنی نارەزایەتیەکانی ناوخۆ کەڵکی وەرگرتووەو لەلایەکی دیکە لەبەر باری گرانی ئابووری بەبێ گوێدانە مەترسیەکانی کرۆنا لەسەر خەڵکی ئێران بازاری شارەکانی کردەوە و دۆخی ئاسایی ڕاگەیاند. لە پاڵ ئەوەدا کەوتە پروپاگەندە و ڕاگەیاندنی ئامار و ژمارەی نادروست لەو بارەوە. ئەوە لە کاتێکدابوو کە ڕژیم ئامادەنەبوو هیچ جۆرە بەرنامە و پلانێک بۆ بەرەورووبوونەوەی کرۆنا جێبەجێ بکات.

لە درێژەی باسەکەیدا بەرپرسی ڕێکخستنی دەرەوەی سازمان ئیشارەی بە کێشە ناوخۆییەکانی ڕژیم کرد و وتی: بەرپرسانی ڕژیمی ئاخوندی ساڵانێکی زۆرە لەسەر دزینی داهات و سەرمایەی خەڵکی ئێران و بەدەستهێنانی ئیمتیازی زۆرتر بۆ خۆیان شەر و کێشەیان هەیە و لە ئێستاشدا کە دۆخی ئێران و ژیانی خەڵک زۆر حەستەمە دەبینین شەڕی باڵەکانی ئەو دەسەڵاتە تا دێ زیاتر پەرەدەستێنێ. شەری باڵەکانی ڕژیم و بڵاوبوونەوەی گەندەڵی و دزی دەسەڵاتداران تا دێ زیاتر دەرفەت و بەستێنی نارەزایەتی و راپەرینە جەماوەریەکان زیاتر دەکات. ناوبراو لە باسەکەیدا هەروەها ئیشارەی بە دۆخی ڕژیم لە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی کرد و وتی: وێرای نارەزایەتیە جەماوەریەکان و بڵێسەی راپەرین لە ناوخۆی ئێران و کوردستان و بێزراوبوونی ئەو دەسەڵاتە دیکتاتۆرە، لە کۆمەڵگەی نێونەتەوەییشدا ڕژیم تووشی قەیرانی جیددی سیاسی و دیپلۆماسی بووەو لە ئێستادا رووبەرووی قورسترین فشارەکان لە مێژووی خۆی بووەتەوەو بە خوێندنەوە بۆ ئەو دۆخەی ڕژیم، ئەو نەتیجە وەدەست دێنین کە دەسەڵاتی ئاخوندان لە ئێراندا هیچ داهاتوویەکی نیە و روخانی ئەو ڕژیمە لە هەر کاتێکی دیکە زیاتر مومکینە. بەرێزیان لە درێژەی باسەکەیدا شیکردنەوەیەکی لەسەر سیاسەت و بەرنامەکانی سازمانی خەبات کرد و ئیشارەی بە ئەرکی ئەندامانی سازمان لەم دۆخەدا کرد.کاک عەلی لەو بارەوە وتی: ئێمە ئەندامانی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران، پێویستە لە هەر وەلاتێک دەژین نوێنەرێکی چالاک و ئاکتیوی سازمانی خەبات و نەتەوەکەمان بین، پێویستە لێبڕاوانە کار بۆ ناساندنی بەرنامە و سیاسەتە دروست و نەتەوەییەکانی سازمان و دۆخی خەڵکی کوردستان و سیاسەتە داگیرکاریەکانی ڕژیم و دەرد و ئازارەکانی نەتەوەی کورد لە کوردستان ئێران لە دامودەزگای وەڵاتان و ڕێکخراوە ناحکومیەکانی ئەو وەڵاتانە بکەین. لە سەرمانە وەک نوێنەرێکی سازمان و نەتەوەکەمان لە وەڵاتانی ئوروپایی هەنگاو هەڵگرین و کاریگەری دروست بکەین. لە دوای قسەکانی کاک عەلی بەشدارانی بەرێزی کۆبوونەوە بە رەخنە و تێبینی و پێشنیار کۆبوونەوەکەیان دەوڵەمەندتر کرد. لە کۆتایی کۆبوونەوە تەشکیلاتیەکەدا بریار لەسەر درێژەدان بەم جۆرە کۆبوونەوانە و کاری جیددیتر لەسەر ئەندامانی سازمانی خەبات لە دەرەوەی وەڵات درا.

---



ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی 2020/6/7 کات 13:00، کۆبوونەوەی تەشکیلاتی کۆمیتەی نۆروێژی سازمانی خەبات بەشێوەی ئۆنلاین بەڕێوەچوو. ئەو کۆبوونەوەیە کە بە بەشداری هەریەک لە بەرێزان کاک عەلی بەهرامی بەرپرسی ڕێکخستنی دەرەوەی سازمان، و ژمارەیەکی بەرچاو لە بەرپرس و ئەندامانی بەرێزی کومیتەی نۆروێژ، بە خولەکێک بێ دەنگی بۆ گیانی پاکی شەهیدان دەستی پێ کرد. لە سەرەتادا کاک عبداللە بەرپرسی گشتی کۆمیتەی نۆروێژ کۆبوونەوەکەی کردەوەو بەخێرهاتنی بەشدارانی کرد، پاشان ڕاپۆرتێکی پوختی لەسەر کار و چالاکییەکانی کۆمیتە لە وڵاتی نۆروێژ پێشکەش کرد.دواتر کاک عەلی بەهرامی چەند وتەیەکی سەبارەت بە گۆڕانکاری و ڕوداوەکانی جیهان، ناوچەکە و ئێران و کوردستان پێشکەش کرد، و لە درێژەی قسەکانی دا باسێکی پوختی لەسەر چۆنیەتی کاروباری تەشکیلاتی سازمان لە دەرەوەی وڵات و قەوارەی نوێی پێکهاتەی ڕێکخستنی دەرەوەی سازمانی خەبات، پێشکەش کرد، کە لەلایان ئەندامانی کۆمیتەی نۆروێژەوە بەگەرمی پێشوازی لێ کرا. دواتر کاک مەحمود یوسفی بەرپرسی بەشی گشتی پێوەندی کۆمیتە باسێکی پر ناوەرۆکی لە سەرکاروباری پێوەندی سازمان لە دەرەوەی ولات بەتایبەت وڵاتی نۆروێژ کرد.

دواتر کات درایە بەشداربووان و بە ڕەخنەو سەرەنج و تێبینی خۆیان سەبارەت بە کاروباری سازمان لە وەڵاتی نۆروێژ باس کرد و لەلایەن کاک عەلی و کاک عەبدوڵڵاوە وەڵام درانەوە.لە درێژەی کاری کۆبوونەوەکەدا تیشک خرایە سەر پێکهاتە و بەشەکانی کومیتە، کە کاک رامیار رەحماندوست وەکوو بەرپرسی بەشی ڕاگەیاندنی کومیتە هەڵبژێردراو پلان و بەرنامەی نوێ بۆ کاری بەشەکانی دیکە داندرا.لە کۆتاییدا بەشدارانی کۆبوونەوە پێکەوە بریاریان لەسەر زیاتر چالاک کردنی کومیتە و کاری سازمان لە نۆروێژ دا.

## مەترسی چەکداربوونی ڕژیمی ئاخوندی ئێران لە دوای کۆتایی هاتنی گەمارۆکان.



مایک مەمپێئۆ وەزیری دەرەوەی ئەمریکا دەڵێت کە بەردەوام دەبن لە هەوڵدان بۆ نوێکردنەوەی گەمارۆی چەک و باقی گەمارۆکانی تر بۆ سەر ڕژێم.

پەمپێئۆ لە بەردەوامی وتووێژەکانی دا لەگەڵ ناوەندی بیرکردنەوەی ئەمریکەن ئینترپڕایز خوازیاری ئەوە بوو کە گەمارۆکان بۆسەر ڕژیم بەردەوام بێت، و هەروەها ئاماژەی بەوەش کردووە کە ڕژیمی ئێران ژومارەیەک لە ڕێکەوتنە ناوکەییەکانی کە یەک لەوان بریتی بوو لە بەرجام واژۆی کردبوو, پێشێل کردووە، هەر بۆیە ئێمە لە فشارەکانی خۆمان بەردەوام دەبین. مایک پەمپێئۆ باسی لەوەش کردووە کە لەپێوەند بە بەرنامە ترۆریستیەکانی ڕژیم، مانگی پێشوو ئاڵمانیەکانمان ڕازی کردووە بۆ ئەوەی حیزبوڵڵای لوبنان وەکوو ناوەندێکی تیرۆریستی بناسێنێت. هەروەها دەڵێت ئێمە بەردەوام دەبین لە هاوکاریەکانمان لەگەڵ هاوپەیمانەکانمان.

## بەردەوامی گەمارۆکانی ئەمریکا بۆ سەر ئەو نەوت هەڵگرانەی نەوت دەگوازنەوە بۆ ڤێنزوێلا.



ئەمریکا خەریکی جێ بەجێ کردنی گەمارۆیە لەسەر دەیان کەشتی نەوت هەڵگر کە دەستیان هەیە لە گواستنەوەی نەوت بۆ ڤێنزوێلا.

بە پێی ڕاپۆرتی مەشریق، 4سەرچاوەی پەیوەندیدار بە پیشەی هەڵگرتن و گواستنەوەی دەریایی، ڕۆژی هەینی هەواڵی ئەوەیان بڵاو کردەوە کە ئەمریکا لە هەوڵی جێ بەجێ کردنی گەمارۆیە لەسەر زیاتر لە 40 نەوت هەڵگری دەرەکی بەهۆی گواستنەوەی نەوت بۆ ڤێنزوێلا.

ئەو سەرچاوە دەریاییە بە هەواڵدەری ڕۆیتەرزی وتووە کە ئەگەری هەیە گەمارۆ لەسەر نەوت هەڵگرە جۆراو جۆرەکان وەگەڕبخرێت.

هەروەها ئاماژەی بەوەش کردووە ئەو گەمارۆیانە 25سوپەر نەوت هەڵگر کە هەریەکەیان دەتوانێ تا 2 ملیۆن بۆشکە نەوت بگوازێتەوە، و هەروەها 17 نەوتکێشی دیکەی چکۆلەش دەگرێتەوە.